# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی سێهەم، ژمارە (66) 15/12/2019 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دۆسیەی ژمارە: "خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی"

گفتوگۆ لەگەڵ ئەنوەر نەجمەدین و دانا مەنمی لە لاپەرە 9-10، دەخوێننەوە...

# دەستپێکی کابینەی نۆهەمی حکومەت بەشکست و بانگەشەی چاکسازی هەڵخەڵەتێنەر دەستی پێکرد!

## وتەی ژمارە

لەم ماوەیەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بەسەر کاری حکومەت و کابینەکەیدا، لە وتارێکدا، باسی سەرکەوتنی کارەکانی حکومەتەکەی کرد. پاشانیش خێڵێک لە نووسەر و کەسایەتی سیاسی مۆڵەتپێدراو و میدیای ڕتوش پیشەی دەسەڵات، بە قەدوباڵای کارەکانی حکومەتدا هەڵیاندا.

سەرکەوتنی کاری هەر حکومەت و کابینەیەکی حکومی، بەوە دەپێورێت، کە چەندە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی باشتر بووە. چەندە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و تەفیهیەکان، زامن کراون. چەندە ویست و داخوازییەکانی هاوڵاتیان وەڵامیان دراوەتەوەو فەراهەم کراون. چەندە ئازادییە سیاسییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان فراوانتر کراونەتەوە. چەندە بێکاری و گرانی کەم کراوەتەوە. چەندە یاساو ریسای دروست و تەندروست لە خزمەت بە هاوڵاتیان پەسەند کراون.

لەوانەش واوەتر بۆ کوردستان و ئەم هەرێمە کە دەرگیری چەندین پرسی سیاسی، حقوقی، لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عێراقە، حکومەتی هەریم چۆن مامەڵەی کردووەو چ هەنگاوێکی ناوە. لەناو هەرێمی کوردستاندا، جغرافیا و قەڵەمرەوی سیاسی هەرێم، کراوەتە دوو بەش و دوو ئیدارەو دوو زۆن، لەژێر دەسەڵاتی دوو حزبی پشتبەستوو بەزۆری هێزو چەک و دەست بەسەراگرتنی داهات و خۆبەستنەوە بەوڵاتانی ناوچەکەوە، لەو زەمینەیەدا چ کارێک بۆ حکومەتداری کراوە، تا جێگای کاری حزبی و میلیشیایی بگرێتەوە.

بەڵێ ئەگەر بەو پێودانگە ئۆبژەکتیف و واقعیەوە، تەماشای کارەکانی حکومەت و کارنامە ١٠٠ رۆژییەکەی بکەین، ماندوبوونێکی زۆری ناوێت، تا بانگەشەی بێ بنەما، ستایشی بۆش، درۆی حکومەتداری و شکستی کابینەی حکومەتەکەی نیشان بدەین.

لەم هەرێمەدا کە سەرۆک وەزیران دڵی پێ کراوەتەوە، شانازی بە کارەکانی حکومەتەکەیەوە!! دەکات، سەرەتاییترین خواست و پێداویستی کە کارەبایە، بەپێی پێویست نییە و تەنها ١٠ بۆ ١٢ سەعاتیک کارەبا هەیە. سادەترین پێداویستی تری هاوڵاتیان ئاوی پاکی خواردنەوەیە کە هێشتا خەڵکیکی زۆر لێی بێبەشن و ناچارن خەفاریاتی بۆبگرن. لەم سەرمای زستانەدا بەجیا لە بێکارەبایی، نەوت بۆ هاوڵاتیان نییەو خەڵکیک کە لەسەر دەریای نەوتن، بێبەشن لێی تاخۆیان و ماڵەکانیان پێ گەرم بکەنەوەو ئاوی گەرمیان هەبێت. ڕێگا و بانەکان، ڕۆژانە گیانی خەڵکی هەڵدەلوشن و ئاماری قوربانیانی نەبوونی ڕێگاو بانی ستاندارد و نەبوونی یاساکانی هاتوچۆ... رۆژ بەرۆژ هەڵدەکشێت. شەقامی زۆرێک لە شارو شارۆچکەکان و دیهاتەکان،...

بۆ لاپەڕە...2

## ڕاپەڕین و خۆپیشاندنی شارەکانی عێراق، بەردەوامە و ڕابەری دەوێ!



لە ٢٥ مانگی ئۆکتۆبەرەوە، ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری خەڵکی بێبەشی عێراق، بەردەوامە. راپەرین و خرۆشانی جەماوەری خەڵکی عێراق، کاردانەوەی بەرهەقی جەماوەرییە بەدژی دەسەڵاتێکی رەشی تالانچی و ئیسلامی سیاسی و رۆڵی بەردەوامی جمهوری ئیسلامی ئیران لە عێراقدا.

١٦ ساڵە عێراق بۆتە مەیدانی ڕمبازێنی میلیشیا... ئیسلامیە ...شیعەکان بە پالپشتی ئیران، بۆتە سەرچاوەی کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ ئەو میلیشیایانە، بۆتە کانگای دزییەکی

بۆ لاپەڕە 3

## هەشت کرێکار لە ماوەی کەمتر لە دوومانگدا بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە... ل3



## ئەنوەر نەجمەدین: ئەوەی ئەمڕۆ لەجیهاندا دەگوزەرێت، ئەوە سەرەتای مارشێکی ئینترناسونالیستییە، جموجۆڵی هێزێکی پرۆلیتارییە لەپشت قەیرانە ئابورییەکانی جیهانەوە...ل9



## دانا مەنمی: دواکاری خۆپیشاندەران ئاسان و دیاریکراون بەگشتی (نان، کار، ئازادی، گەندەڵی و چاکسازی) خەباتی خۆپیشاندەرانیان لە ئیران،عیراق، لوبنان، چیلی، یەکخستووە و خاڵی لێکچوونیش ئەو دۆخە ناهەموارەیە کەبەدەستی گەندەڵکاران خولقاوە...ل 10

## مانفێستی نوێی بزووتنەوەی هێلەک زەردەکان...ل4



## کۆمەڵگەی گون سالار بەرهەمی سیستەمی فیودالی و عەشیرەیی...ل4

## فتوای مەلاکان یان یاسای شوراکان...ل5

## هەواڵی نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەرییەکان....ل8

## پرسی ژن ل6



## گۆشەی ئەدەب و هونەر ل 7

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی ...سەروتار

ناشایستەو نەگونجاون و بەشێکیشان هەر قیر یان چیمەنتۆش نەکراون و لەهاویندا خۆڵن پژین و لەزستاندا قوڕ و چلپاون.

نەک ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان و ئازادی کاری رۆژنامەگەری و مافە فەردی ومەدەنیەکان و یاساو ریسای مۆدیرن، فراوانتر نەکراونەتەوە، بەڵکو کەم رۆژ هەیە هەواڵی دەستدریژی بۆ سەر ئازادییەکان، بۆسەر کاری رۆژنامەگەری، بۆسەر هاوڵاتیان نەبیستین. زیندانەکان سیخناغن لەو گرتوانەی بەهۆی دزی بچوکەوە زیندانی کراون، بەڵام گەندەڵکاران و دزانی ئاشکرای داهاتی کوردستان، یاسا دەستی پێیان ناگات و دەسەڵات پاریزبەندیان دەکات.

لە جێگای داداگاو لێپرسینەوەی یاسایی بۆ سەر دەستدریژی کاران، تازە بە تازە، لیژنەی فتوا لەیەکێتی زانایانی!! ئیسلامیەوە، فتوا دەردەکات و ریگە لە ژنان دەگرێت کە بەتەنها سواری تەکسی نەبن، بەمەش لەلایەکەوە سوکایەتی بەژنان و بە کۆمەڵگەو خاوەن تەکسیەکان و لەلایەکی تریشەوە بە یاساو لیپرسینەوەی یاسایی و داگاکان!! دەکەن.

هیشتا بێکاری بێداد دەکات و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بێکارن و وێڵی دوای کارن، کەچی نەک کار بۆ ئەوان، بەڵکو بۆ یەکەم و دووەم و سێهەمەکانیش دەستکەوتنی سەختە.

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وپەروەردەیی و تەندروستی، لە ئاستی هەرە نزمی خۆیاندان و ئەوانەی کە هێشتا ماون، خەریکن هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی دەکرێن.

ئەگەر ئەمانەی سەرەوە گۆشەیەک لە داخوازی و ویستی زۆر سادەی هاوڵاتیان بن، وە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و دۆخی خزمەتگوزارییەکان و مافە فەردی مەدەنیەکان و ئازادییەکان بخاتە ڕوو. ئەوا لە زەمینەی جۆری دەسەڵاتداریتی و سیاسی و پرسی چاکسازی و پەیوەندی هەریم و بەغدا...تاد، خراپتریشە.

بەپێچەوانەی دڵخۆشی سەرۆکی حکومەتەوە، لە پەیوەندی باش لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا، پەیوەندی نیوان هەریم بەغدا، پەیوەندیەکی ناسالم و ناسەقامگیرە. دۆخی تاڕادەیەک ئارامی سیاسی هەریمی کوردستان بەرهەمی بەهیزی حکومەتی هەرێم و ریکارە دروستەکانی ئەو نییە، بەڵکو بەرهەمی لاوازی حکومەت و دەوڵەتی عێراقە. کێشەی نێوان هەریم و بەغداش هەر موچەو بوودجە، نییە. تەنانەت هەر کێشەی کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکان نەوت و پیشمەرگەش نییە، بەڵکو کیشەی سیاسی و حقوقی خەڵکی کوردستانە، تا ئەو کێشەیەش بەچارەسەری کارساز نەگات، هیچ کام لە کیشەو گرفتەکانی تری نێوان بەغداو هەولێر کۆتاییان نایەت.

دەسەڵاتی سیاسی هەریم لەپەیوەند بەبەغداوە رۆڵی ئەمین سندوقی دەگێڕیت، و چەقی ململانێی نیوان دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند و بەغدا لەسەر بودجە و بری بودجەیە. هەر کاتێک بوودجە لە بەغداوە کێشەی تێکەوت و دواکەوت و یان ناردنی ڕاگیرا، حکومەت لەهەریمی کوردستاندا دەستی دەبەستریت و هاوڵاتیان و فەرمانبەران بی موچە دەبن.

لەوانەش واوەتر... دۆخی سیاسی هەریمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی پایەکانی راگیرکردنی حکومەتداریی و نەبوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی و تەنانەت پەیوەندیەکی یەکلایی بوەوەی سیاسی و رۆشنی حقوقی لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکەوە هێندە شلۆق و لەرزۆکە، بچوکترین تەکانی سیاسی، ڕوداوی لەناکاو، دەتوانن بەسەریەکیدا بروخێنن. هێرشێکی لەناکاوی لەجۆری هێزیکی وەکو داعش بۆسەر کوردستان، هەرەشەی سوپای عیراق و وڵاتێکی ناوچەکە، هەلومەرجی سیاسی کوردستان دەکاتەوە بەسفر. بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هیچی بەرجەستەی بۆ هاوڵاتیان زامن نەکردووە، زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە ئەو دەسەڵاتە، بەدەسەڵاتێکی دز سەرکوتگەر کۆنەپەرست دەزانن و هەراسانن بەدەستیەوە، بۆیە ئیرادەی بەرگری جەماوەریش هێندە لاوازە، کە هەر ئاڵوگۆرێک هەلومەرجی سیاسی کوردستان بەسەریەکدا دادەرمێنێ.

پەیوەندی هەریم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەش، بەهیچ پێوەرێک هاوسەنگ نییە. وڵاتانی ناوچەکە لەوانەش ئیران و تورکیا، هێندەی بەچاوی تەماح و دەستێوەردان و تەنانەت خاوەن ماڵ لەهەریم دەڕوانن، نیو ئەوەندە دەسەڵاتی هەریم بە فەرمی ناناسن و مایەی لەسەر دانانێن. دەستێوەردانی بەردوامیان، تا بوونی سوپاو بارەگاکانیان، نیشانەی سوکایەتییە بە دەسەڵاتی هەرێم و بەرەسمی نەناسینی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانیشە.

بەکورتی حکومەت لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکەش، هیچ سەرکەوتن و پێشرەویەکی نەکردووە تا جێگای پیا هەڵدان و ستایش بێت. لەسەر ئاستی بانگەشەی چاکسازی و وەستانەوە بەرووی گەندەڵیدا، بەهەمان شێوە حکومەت وەکو کابینەکانی پێشووی خۆی، نەک پێشرەوی نەکردووە، بەڵکو بۆتە تەواوکەرو درێژەپێدەری لێدانەوەی هەمان قاوانی پێشووی پڕ بەڵێن و بەکردەوەش وەستانەوە بەرووی چاکسازی واقعیدا.

چاکسازی لە واقعیەتی سیاسی و حکومداری هەرێم و شێوە دەسەڵاتداریتی حزبی و میلیشیاییدا، لەلایەن خودی هیزە دەسەڵاتدارەکانەوە لە مەحاڵ نزیکە. یەکێک لەپایەکانی مانەوەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی، دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی داهات و سامان و پشت بەستنە بەهیزی چەکداری بان یاسایی و بان حکومیەوە. دەستبردن بۆ چاکسازی ریشەیی و لە پشیانەوە بۆ سیکتەری نەوت و سامان، هەروەها بۆ یەکخستنی هیزی چەکدار و دەزگا هەواڵگریی و ئەمنیەکان، بەمانای داروخان و رمانی دەسەڵاتیان دێت. بۆیە بەدریژایی هەشت کابینەی پێشوو، وە لەماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵدا، دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانیووە بەجدی دەست بۆ ئەو دوو سیکتەرە ببات. دوو هیزی پیشمەرگە، دوو ئاسایش، دوو پۆلیس، دوو زۆن، دوو ئیدارەی جیاواز، بەشی داهات و سامان بۆ دوو بەش بەپێی قەڵەمرەوی جغرافیای سیاسی، پشت بەستن بەدوو وڵاتی ناوچەیی جیاواز، باڵادەستی حزبی بەسەر دامەزراوە روکەشە حکومیەکاندا... هێندە واقعیەتیکی بەرجەستەو حاشاهەڵنەگرە، کە بەڵگە هینانەوەی زۆری ناوێت. کابینەی نۆهەمی حکومەتیش لەو راستایەدا شکستەکەی رۆشنە و بانگەشەی سەرۆکی حکومەت بۆ پێشرەوی لەو زەمینەیەدا، فریوکاریەکی ئاشکراییە بۆ خۆڵ کردنە چاوی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە.

بێگومان ئەگەر بڕیار بێت چاکسازییەک بکرێت، لەپێش هەموو شتیکەوە دەبێ لەسەرەوە دەست پێبکات، وەدەبێ لە سیکتەری نەوت و داهاتەکان، لە زەمینەی پیشمەرگەو هێزی چەکدار، وە لەئاستی باڵای حکومەت و پەرلەمانی حزبیدا دەستی بۆ ببرێت. موچەی وەزیر و گزیرەکان، ئەندام پەرلەمان و بەرێوەبەرە گشتیەکان وئیمتیازەکانیان، دەبێ کەم بکرێتەوە بۆ ئاستی موچەی کریکارێکی ماهیر، یان موچە خۆرێکیکی خاوەن ئەزموون، یان بکرێتە هیندە و نیوو یان دوو ئەوەندەی موچەی کارمەند و موچەخویکی ئاسایی... وەختێک دەسەڵاتی سیاسی و کابینە یەک لەدوای یەکەکان دەست بۆ ئەو موچە مۆڵە ناهاوسەنگەی وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان لەگەڵ باقی موچەخۆران و کریی مانگانەی کریکاراندا نابەن و کەمی ناکەنەوە... باسی چاکسازی و دادی کۆمەڵایەتی، هێندە درۆیەکی ئاشکرایە... تەنها وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان، خێڵی تەسەلیان دەتوانن شانازی بەو درۆیانەیانەوە بکەن.

باسی زیادکردنی داهاتی ناوخۆ. لەسەر حسابی داتەکاندنی گیرفانی هاوڵاتیان، لەسەر حسابی داسەپاندنی باج لەسەر هاوڵاتیان و کارو کاسبیان، لەسەر حسابی شان خاڵی کردنەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، لەسەر حسابی بەتایبەتی کردن... نەک جێگای شانازیی نییە، بەڵکو هێندە مایەی شەرمە، تەنها شایستەی دزانی حزبی و میلیشیایی و ئۆپۆزیسیۆنیکی بودەڵەی وەکو ئیسلامیەکان و حزبی گۆڕانە، بۆ گۆڕانکاریی!!.

باس لە برینی موچەی خانەنشیینی، وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوو لە کاتێکدا دەکرێت، کە ئەو ڕیزە لە خانەنشینان، زوربەی هەرە زۆریان لە جێگایەکی تر وەزیفەیەکی تریان پێبەخشراوە، بۆ ئەوەی تا دنیا هەیە ژیانی فیرعەونی بۆ خۆیان و نەوەکانیان لەسەر حسابی ئۆردوی هەژاران و برسیەکان، دابمەزرێنن.

باسی لیپرسینەوەی یاسایی لەگەندەڵکاران دەکەن، لە کاتێکدا وا نزیک بە ٣٠ ساڵە، یەک بەرپرسی حزبی و یەک سەرمایەدار و یەک کوڕی بنەماڵە... دەستی یاسای پێیان نەگەیشتووە و ناگات و ناگات و دیسانیش ناگات.

دەبێ بپرسین، جەنابانی حکومەت و حزبی دەسەڵاتدار و بەشدار لەدەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی، کام بەرپرسی حکومی و حزبی، لەسەر دەستبەسەراگرتنی زەوی گشتی توشی لێپێچینەوە بووە؟ لەسەر بازرگانی لەگەڵ داعش، دادگایی کرا؟ کێ لەسەر بازرگانی نایاسایی بەدەرمان و جگەرەوە توشی لێپێچینەوە بووە؟ کێ لەسەر خراپ بەکارهینانی دەسەڵات لە گوڵ کاڵتری پێ وتراوە؟ کێ لەسەر بازرگانی چەک دەستگیر کراوە؟ کێ لەسەر دزینی نەوت و دەستبەسەراگرتنی کیڵگە نەوتییەکان بانگی دادگا کراوە؟ ریزی تانکەری نەوت هەڵگر کێ خاوەنیانە و کوا لێپرسینەوە؟ کێ لەسەر خۆدزینەوە لە باج دان سزا دراوە؟ کێ لەسەر دانانی خاڵی گومرگی و سەرانەسەندن، لە زیندانە؟ فەرموون پیمان بڵێن و بیخەنە روو یەک بەرپرسی دەستڕۆشتوی حزب و بنەماڵە و لە ٣٠ ساڵی رابردوودا دادگایی کرابێت و یاسا دەستی پێی گەیشتبێت؟ فەرموون پێمان بڵێن کێ بانگ کراوە بۆ لێپرسینەوە لەو سامان و سەرەوەتەی خەیاڵیەی بەسەریەکیەوە ناوە؟

سەرۆکی حکومەت، و خێڵی موچەخۆری دەوروبەری، نووسەرو رۆژنامەنووس و میدیای لەسەر درۆ ڕاهێنراو، هیچ کام لەو راستیە سادانەی سەرەوە نابینن و نابیستن، بۆیە باسی خزمەتی حکومەت و دەستکەوتەکانی بۆ هاوڵاتیان دەکەن. بەڵام واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەلومەرجی ژیانی هاوڵاتیان، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە، کە دەستپێکی کابینەی نۆهەمیش، دەستپێکی شکست و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرە... جەماوەری خەڵکی کوردستانیش بە کارنامەی رابردوو وە کارنامەی کابینەی نۆهەمیش، ئاشنایە و فریوی بانگەشە و دەسەڵاتی ئەزمونکراو ناخوات.

**ئەگەر بە پێودانگێکی ئۆبژەکتیف و واقعیەوە، تەماشای کارەکانی حکومەت و کارنامە ١٠٠ ڕۆژییەکەی بکەین، ماندوبوونێکی زۆری ناوێت، تا بانگەشەی بێ بنەما، ستایشی بۆش، درۆی حکومەتداری و شکستی کابینەی حکومەتەکەی نیشان بدەین...**

# درێژەی...ڕاپەڕین و خۆپیشاندنی شارەکانی عێراق، بەردەوامە و ڕابەری دەوێ!

سیستماتیک و بەردەوام. بۆ جەماوەری بێبەشی عێراق و رزگاربوو لەدەست سەرکوتی درندانەی رژێمی بەعسیش، بۆتە دۆزەخێک کە بەچکە بەعسیە ئیسلامی و قەومی و تایفیەکان، دایان سەپاندووە. هاتنەمەیدانی ئەمجارە لەگەڵ ئەوەدا سەرەتا بۆ دابینکردنی هەلی کارو بۆ خزمەتگوزارییەکان بوو، بەڵام زۆر زوو گۆردراو بۆ راماڵینی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی.
لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە تاکو ئێستا، دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، لەلایەکەوە لە ڕێگای بەڵین و وادەی جۆراوجۆر بۆ چاکسازی و وەستانەوە بەرووی گەندەڵیدا و لەلایەکی تریشەوە لەرێگای پیلانگیری و سەرکوتی سیاسیەوە، دەیانەوێت خەڵکی تورەی عیراق پاشەکشە پێبکەن و رەوانەی ماڵەوەیان بکەنەوە، بەڵام تاکو ئێستا لەم دوو پیلانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون و خۆپیشاندانەکان لە خۆپیشاندنەکانەوە ئاویزان بوون، کۆمپانیای نەوتی بەسرە و کارگەی غازی بەسرە چوونە پشت خۆپیشاندەران، کەشێکی ئازاد لە گۆرەپانی تەحریرەکان زاڵە، هاوسەنگی هیز بە سودی جەماوەری بیبەش گۆراوە، دەسەڵات توانای سەرکوتی سنوردارتر بووە، پلانەکانی کەشفن و نەخشەکان بی کاریگەرن... جەماوەری بیبەش لەهەموو شارەکانی عێراقدا، پشتوانی لە خواستی خۆپیشاندەران دەکەن.
ئەم پێشرەوی و خۆراگرییە میژوویەی خەڵکی عێراق، میژوویەکی نوێی تۆماری بەرەنگاری بێبەشان کرد، ئەزموونەکانی دەوڵەمەندتر کرد، توانایی و ئیرادەی وەگەڕکەوتووی جەماوەری نیشاندا، روحیەی هاوپشتی و هاوکاری خستە جێگای پلانی دابەشکارییە قەومی و تایفی و دینیەکان... ئیرانی لە عیراق لە خەوی ملهوری نواندن



شارەکانی عێراق و کۆبونەوەی نارەزایەتی لە گۆرەپانی ئازادی" ساحەی تەحریر" ی شارەکاندا، بەردەوامە.
تەنانەت بە دەست لەکارکیشانەوەی عادل عەبدول مەهدیش، کە بۆرژوازی عێراق و ئیسلامی سیاسی بەمەبەستی بەرگری بە دارمانی دەسەڵاتی سیاسی دەستیان بۆی برد، نەی توانی بزوتنەوەی نارەزایەتی ملیۆنی و خۆپیشاندنەکان، خامۆش بکەنەوە.
لەماوەی نێوان ٢٥ ئۆکتۆبەرەوە تاکو ئێستا، خۆپیشاندەران، توانیویانە پلانی دەسەڵاتی سیاسی و مەجەعە کۆنەپەرستەکانی پشتیان پوچەڵ بکەنەوە، توانیویانە دابەشکاری دینی و تایفی تیپەڕینن و لەژیر چەتری راماڵینی دەسەڵاتدا کۆببنەوە. توانیویانە ئیبتکاراتی خەباتکارانەی جۆراوجۆر بکەن، توانیویانە دابەش کاری بکەن و رابەری لەناو خۆیاندا بەرهەم بهێنن، بەرەو ریکخراو تر هەنگاو بنین و کاری هەماهەنگی خۆپیشاندانی شارەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە ئەنجام بدەن و خواستی راماڵینی دەسەڵات و ئیسلامی سیاسی وەکو دروشمێکی سەراسەری بەدەستەوە بگرن... لەهەموو ئەو ماوەیەدا زۆر لایەنی تری سیاسی و کەسایەتی ویستویانە جڵەوی ئەو خۆپیشاندانانە بەدەستەوە بگرن، بەلارێیدا ببەن، پلانی لەدژ بگێرن، بیکەنە دەستمایەی ململانێی نێوان خانەوادەی بۆرژوازی و ئیسلامی سیاسی شیعی، مەرجەعەکان هاتنە دەنگ، کەچی مایە پوچ دەرچوون و ئەوانەی تا بەر لە ٢٥ ئۆکتۆبەر، وەکو پیرۆز تەماشادەکران و وەکو رەمز لێیان دەروانرا، کەنار خران، هیرشیان کرایە سەر، بارەگاکانیان گڕ دران، گۆرەکانیان سوتینران، ئیرانی پشتیان لەزۆرێک لەشارەکان قونسولیەکانی خاپور کران، سەرانیان رایانکرد...
ژنان و لاوان، کرێکاران و توێژە بیبەشەکان، دەست لەناو دەستی یەک هێرش دەبەن، کۆدەبنەوە، بەشەکانی تری کریکاران لە زۆر جێگا هاتنە مەیدان، مانگرتنی سێکتەری هاتووچۆ راگەیەنرا، یەکێتی نەقابە کریکارییەکان بە بێدار کردەوە... تاد. بەڵام هێشتا بۆ سەرکەوتن ریگایەکی دریژ تر لەپێشە، بۆپێشرەوی نەخشەی تر پێویستە. بۆ پوچەلکردنەوەی پلانی کۆنترۆڵکردنی سیاسی و بۆ شکسدانی سەرکوتی سیاسی، ئیبتکاراتی تر دەخوازێ، بۆ هێز نیشاندانی گەورەتر، ریکخراتربوونی تری گەرەکە، ریکخراوبوونی کریکارانی ناوچە پیشەسازییەکانی دەوێ، هاتنە مەیدانی یەکگرتوانەی کریکارانی نەوت و بەشە کاریگەرەکانی تری دەوێ، رابەری لە ئاستی محەلی و گۆرەپانەکاندا هەیە، بەڵام لە رابەری سیاسی سەراسەری بێبەشە، پەرچەمی دوای راماڵینی دەسەڵاتی نادیارە، جۆری حکومەتی داهاتوو نارۆشنە... کە هەرکام لەوانە کاریگەری هەنوکەیی لەسەر ئیستای خۆپیشاندانەکان و پێشرەوی داهاتوو هەیە. بڕوا بەسەرکەوتن، زاڵە، بەڵام ریگاکانی ئەو سەرکەوتنە هیشتا رۆشن نین، هیشتا ئاڵاهەڵگری بەرچاو رۆشنی خاوەن خەتی دیاری سیاسی و رابەری ئەو هێڵە رزگاری بەخشە بەقیافەی سەربەخۆی خۆیەوە، غائیبە. کاری کۆمۆنیستەکان و چەپە، لە راستای بەشداری نیشاندانی رۆڵی رابەری بەکردەوەی خۆیدا، هەنگاو هەڵبگرێت، بۆ کۆتاییهینان بە لاوازییە سەرەکیەکەی ئەو راپەرینە، کە جیگا ئومیدی ملیۆنان ئینسانە. بەبێ هاتنە ئارای رابەری سیاسی سەراسەری سۆشیالیستی، ئایندەی ئەم راپەرین و خۆپیشاندانانە، بە مەنزڵ و خواستە دڵخوازەکانی خۆی ناگات، کە "ئەمنیەت، نان، ئازادی، دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەریی"یە.

# هەشت کرێکار لە ماوەی کەمتر لە دوومانگدا بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە

* بەرواری ١٢ دیسمەبەر، بەهۆی رووداوێکی ئاگر کەوتنەوە هەردووک کرێکار باوک و کوڕ کە کاریان کارپیکردنی مولیدە بووە، لەکاتی هەڵکردنی موەلیدەیەکدا موەلیدەکە گڕ دەگریێت و هەردووکیان دەسوتێن و دەبنە قوربانی.
* بەرواری ٨ دیسەمبەر دوو کریکاری تر یەکیکیان لەسنوری ئیدارەی راپەرین و ئەوی تریان لە شارەزوور لەکاتی کارکردندا لەشوێنی کارەکەیان بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستداوە.



* بەرواری ١٢ نۆفەمبەر کرێکارێکی خەڵکی بۆکان بەناوی" بەهمەن قادری" لە شاری هەولێر لەکاتی کارکردندا لەسەر ستونی کارەبا، کەوتۆتە خوارەوە گیانی لەدەستدا.
* بەرواری ٢٣ نۆفەمبەر کرێکارێکی تر بەناوی " ئیرەج سەعیدی" خەڵکی ئورمیەی ئیران، لەشاری سۆرانی کوردستانی عیراق لەکاتی کارکردندا و بەهۆی روخانی دیوار بەسەریدا گیانی لەدەستدا
* بەرواری ٢٠ نۆفەمبەر کریکارێکی تر بەناوی"هادی سەبوری" تەمەن ٣٥ ساڵ لەشاری هەولێر لەکاتی کارکردنداو بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە کەوتنە خوارەوەی لە بەرزایەکی زۆرەوە گیانی لەدەستداوە.
* بەرواری ٢٩ نۆفەمبەر کریکارێک کە خەڵکی ساری سەردەشت بوو، بەناوی" محەمەد قازی" لەشاری سلێمانی بەهۆی بەربوونی غازەوە، لەشوێنی حەوانەوەی خۆی گیانی لەدەستدا.

گیان لەدەستدانی هەشت کرێکار لە شوێنی کارو تەنانەت شوێنی پشودانیان، زەنگێکی مەترسیدارە. نیشانەی ئەوەیە کە شوێنی کاری کرێکاران زۆرتر لە مەیدانی جەنگ دەچێت تا جێگایەک بۆ کاری بەکرێ لە پێناو دابین کردنی ژیانی کرێکاران و خیزانەکانیان... ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا کە چاوچنۆکی کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان دەخاتە روو، بەوهۆیەوە لە پێناو قازانجی زۆرتردا ئامادەنین ژینگەی کرێکاران لەرێگای دابین کردنی پیداویستیەکانی کارەوە، باش بکەن و رێگە لەو کارەساتانە بگرن کە ڕووبەڕووی کرێکاران دەبێتەوە... هاوکات ریسوایی دەسەڵات دەخاتە روو کە گیانی کرێکاران بۆیان بایەخێکی نییە لەچاو خزمەکردن بە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا چاوچنۆکەکانیان... کریکاران پیویستە بۆ بەرگرتن لە خۆیان و بۆ داسەپاندنی خواستەکانیان، ریزەکانی خۆیان رێکخراو یەکگرتوو بکەن، وە ریکخراوەی جەماوەری سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن...



# کۆمەڵگەی گوێن ساڵار بەرهەمی سیستمی فیئۆدالی و عەشیرەیی

**نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی**

هەرێمی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی عەشیرەیی و خێڵەکی ساڵەهای ساڵە بۆتە شوێنی ڕمبازێنی ناتەندروستی سیاسی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەوانەی شۆڕش و خەباتی ڕەوای خەڵکیان بۆ نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی سەدام بەلاڕێدا برد و هەژاری و دیاردە کۆمەڵایەتی و قەیرانە ئابوریە یەک لە دوای یەکەکانیان بە دیاری بە خەڵکی وەزاڵەهاتووی هەرێم دا. دەسەڵاتێک کە لە بری ئەوەی لە فکری ئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵات و کۆمەڵگە و خەڵک بێ، تەنیا بیر لە پڕکردنی گیرفانی دەسەڵات بە دەستانی هەرێم دەکاتەوە، دەسەڵاتێک کە هەر دەنگێکی ئازادیخواز لە گەروو دا کپ دەکات و گوێی بۆ ویست و داخوازیی بەرحەقی خەڵک ناگرێ. قەیرانی ئابووری ساڵەهایە بە هۆی ناکارامەیی و گەندەڵی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە گیرۆدەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی چینی کەم داهات و هەژاری کۆمەڵگە بووە و ئەم بارودوخە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. یەکێک لەو ئامانجە فریوکارانەی دەسەڵات بۆ بە لاڕێدابردنی بیر و مێشکی خەڵک و مژوڵ کردنیان بە پرسی لاوەکی ڕێگەدان بە حیزبە ئایینی و دواکەوتووەکانە کە هەموو ئامرازێکی پڕوپاگەندەی لە بەردەست داناون تا بەڵکوو بتوانێ لەو ڕێگایەوە خۆی لەو قەیرانانە لابدا کە کۆمەڵگە بە دەستیەوە دەناڵێنی. بۆ ئەم مەبەستەش ساڵەهایە پڕوپاگەندە بۆ ئایینی دژە مرۆڤی ئیسلام دەکات و دەستی مەلا داعەشەکان و حیزبە ئیسلامیەکانی بۆ پڕوپاگەندە و شوردنەوەی مێشکی خەڵک بە تایبەتی لاوانی ئەو وڵاتە ئاوەڵا هێشتووە.

بێگومان خەڵکێک کە بیروبۆچوونی بەرتەسکیان بێ و هەموو کێشە و گرفتێک کە دەسەڵات خوڵقێنەرێتی وەک چارەنوسی خۆیان لە قەڵەم بدەن، گرفتیان بۆ حکومەت کەمترە و داوای مافی خۆیان لە دەسەڵات ناکەن. هەر بەو مەبەستەش حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە گەندەڵەکەی ساڵەهایە ڕێگە بە مەلا و کەسانی دواکەوتوو دەدا پڕوپاگەندەی ئایینی ئیسلام و بیری چەقبەستوو بکەن. ئیسلام هەمیشە لەمپەری گەشەو پێشکەوتوویی ژنان و بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری وڵاتان بووە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەو وڵاتانەی کە سەرمایەداری ئایینی قیزەونی ئیسلام وەک ئەبزار بەکاردێنێ بکەین، دەبینین کە ئاینی ئیسلام هەردەم لەگەڵ ویست و خواستی ڕەوای ژنان ناتەبا بووە و هەمیشە هەوڵی کشاندنەوە و خستنە ناو کونجی ماڵەوەی ژنانی داوە. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام ژن تەنیا ئەبزارێکی جنسی و زاوزێیە بۆ مناڵ بوون و ئەرکی ماڵ و مناڵداری پێ براوە. ئایینێک کە دەستدرێژی بۆسەر جەستەی کچێکی نۆ ساڵ تەمەن لە ژێر ناوی مارەیی و بە شوودان بە ڕەوا دەزانێ. ئایینێک ژن بە نیوەی پیاو دەزانێ و لە ڕوانگەی لایەنگر و مریدانی ئەو ئاینە پێگەی ژن لە پیاو نزمترە و ژن مولکی تاکەکەسی پیاوە و پیاو بۆی هەیە هەر بەلایەک بەسەر ئەو مولکەی خۆی بێنێ. ساڵەهایە حیزبە ئیسلامیەکان بە پشتگیری حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم هەوڵ بۆ چەسپاندنی یاسا هەڵاواردن ئامێزەکانی وەک فرە ژنی و مسیار و هتد...... دەکەن و لە هەر دەرفەتێک بۆ ئامانجە دزێوەکانیان کەڵکیان وەردەگرن و هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەو پلانەیان خستۆتە گەڕ.

دەسەلات هەموو ئامرازێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی خستۆتە بەر دەستی حیزبە ئیسلامیەکان و ساڵانە پارەیەکی زۆر تێچووی مەلا داعشیەکان دەکات کە هەر ڕۆژە و فتوایەکی نامرۆڤانە بە دژی ژنان دەرکەن. لە تازەترین هەڵوێستی کۆنەپەرەستانەی مەلا و دەسەڵاتی ئایینی ئەوە بوو کە فتوایان بە دژی ژنان دەرکرد کە نابێ ژنان بە تەنیا سواری تاکسی بن. ژن لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام تەنیا و تەنیا ئەبزاری هەڵخڕێنەری هەستی سێکسی پیاوە و تەنانەت هاتنە دەرەوەی لە ماڵیش بە بڤە دانراوە، بۆیە بێگومان دەبێ چاوەڕوانی هەڵوێستی لەو جۆرەی لایەنگرانی ئەو ئایینە بین. لەناو سیستمە دواکەوتووەکاندا هەمیشە ژنان توێژی چەوساوە بوون و زیاتر قوربانیان داوە .دەسەڵاتی هەرێمی کورستانیش بۆ چەوساندنەوەی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە ئەبزاری دژە ژن و دژە مرۆڤی ئایین بەکاردێنێ، چوونکە لە بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی و ئابوری وڵات دەترسێ. ئەگەر چاوێک بە ڕوداو و نارەزایەتیەکانی ئەو دواییانەی کوردستان بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان لەڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان بوون و هەڵگری ویست و داخوازی خەڵک بوون. هەروەها ئەگەر ئاوڕێک لە ئاخێزی جەماوەریی خەڵکی وەزاڵەهاتوی عێراق و ئێران بدەینەوە دەبینین ژنان تەنانەت

ڕێبەریی خۆپێشاندانەکانیان دەکرد و دروشمی نەمانی دیکتاتۆری و بە دەستهێنانی مافی مرۆڤی خۆیانیان دەوتەوە، بێگومان دەسەڵاتی هەرێمیش ئەوە بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دەزانێ و لەڕێگای مەلا داعشەکان و هەر ئەبزارێکی تر هەوڵ بۆ کپکردنی دەنگی ژنان دەدات. کۆمەڵگەی گوێن ساڵار ئاکامی پەروەردەی ناتەندروستی سیستمی دواکەوتوو و عەشیرەیی هەرێمی کوردستانە کە بۆتە کارگەی دروستکردنی مەلا داعشەکان و بیر و هزری دواکەوتوو. سیستمێک کە پایەکانی لەسەر بنەمای عەشیرەیی و خێڵەکی ڕۆنرابێ حاشاهەڵنەگرە دەبێ مرۆڤگەلێکی تێدا بەرهەم بێ کە ژن بە کەم دەزانن و هەڵگری بیری چەقبەستون. بۆیە ژنان دەبێ لە بەرامبەر ئەو دەسەڵات و ئەو مەلا داعشانە ڕاوەستن و نەهێڵن چیتر دەسکەوتی ساڵەها تێکۆشانیان بە فیرۆ بچێ.

ژنانی هەرێمی کوردستان دەبێ هەوڵ بۆ وشیاری خۆیان و هاورەگەزەکانیان بدەن و لە بەرامبەر ئەو جۆرە فتوا و حوکمە نامرۆڤانە ڕاوەستن. ئەوان دەتوانن لە ڕێگای خۆپێشاندان و مانگرتن پێش بە پەسەندکردنی یاسای نامرۆڤانە بدەن و بۆ بە دەستهێنانی ماف و ئازادی یەکجارەکی هاوتەریب بن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و لە سەنگەری پێشەوەی خەبات بۆ نەمانی دواکەوتوویی لەکۆمەڵگە بن. ژنانی هەرێم دەبێ بەو ڕاستیە بگەن گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانیان تەنیا و تەنیا پەیوەستە بە دامەزرانی سیستمێکی سۆشیالیستی کە لەودا مرۆڤەکان مافی یەکسان و وەک یەکیان هەیە، ژنان بە هۆی ژن بوونیان ناچەوسێنەوە. هەروەها ژنانی هەرێم دەبێ هاوتەریب بن لەگەڵ خەباتی ژنان لە باقی شارەکانی عێراق و هەڵگری ویست و داخوازی مرۆڤی خۆیان بن.

# مانیفێستی نوێی بزووتنەوەی (هێلەک زەردەکان)

بزوتنەوەی هێلەک زەردەکان لە فەرەنسا کە نزیکەی ساڵێک بەسەر سەرهەڵدانیان دا تێدەپەڕێ، مانیفێستێکی نوێیان بڵاوکردۆتەوە کە لە ٢٥ خاڵ پێکهاتووە. لەو مانیفێستەدا ڕوانگەی خۆیان بۆ پرسە سیاسی و ئابوریەکانی کۆمەڵگای فەرەنسا خستۆتەڕوو. شایانی ووتنە کە ئەم مانیفێستە نوێیە بەبەراورد بە مانیفێستی پێشوویان ڕادیکاڵ تر و پوختەتر دەردەکەوێت. لە مانیفێستی پێشوودا بوونی کاریگەری بزوتنەوە ڕاستڕەوەکانی بۆرژوازی فەرەنسا بەسەر ئەم بزوتنەوەیەوە هەست پێدەکرا. بەلام ساڵێک لە تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوە، بزوتنەوەکەی هەرچی زیاتر لە جەوهەرە چینایەتی و دژی سەرمایەداریەکەی نزیکتر کردۆتەوەو خواستەکان و بەرنامەکەشی ڕادیکاڵتر بۆتەوە.

## مانیفێستی هێلەک زەردەکان( پوختە)
## ئابوری / کار:

* دیاریکردنی ڕێژەی باج بەپێی دەستور بە٢٥٪

* زیادکردنی لانی کەمی مووچەی خانەنشینی و دەستبەری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی ٤٠٪
* دامەزراندنی ژمارەیەکی زیاتر لە کەرتی حکومیدا بەمەبەستی دامەزراندنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان
*دەستکردن بە پرۆژەی گەورەی بیناسازی بەمەبەستی دابینکردنی خانوو بۆ(٥) ملیۆن کەسی بێخانەو لانە، هەروەها سزادانی ئەو بەرپرسە ئیداری و حکومیانەی کە خەڵک لەسەر شەقامەکان جێدەهێڵن.

* بەشبەشکردنی بانکە زەبەلاحەکان و جیاکردنەوەی بانکە خزمەتگوزاریەکان لە بانکە وەبەرهێنەرەکان.
* هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەرزانەی بەهۆی ڕێژەی زۆری سوودەوە لەسەر خەڵک کەڵەکە بووە

## سیاسەت:

*هەموارکردنی دەستور بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی خەڵک، لەوانە ئەو ڕیفراندۆمانەی کە دەبێ جیبەجێبکرێن.
*ڕێگاگرتن لە گروپەکانی فشار و خاوەن بەرژەوەندیە تایبەتەکان لەوەی بتوانن بڕیاری سیاسی بدەن.
Frexit: *(فرێکزیت) واتە چوونەدەرەوەی فەرەنسا لە یەکێتی ئەوروپا، بەمەبەستی گێڕانەوەی سەروەری ئابوری و سیاسی و دراوی( واتە، ڕێزگرتن لە ئەنجامی ڕایفراندۆمی ساڵی ٢٠٠٥، کاتێک فەرەنسا دەنگی دا لە دژی پەیماننامەی دەستوری یەکێتی ئەوروپا، کە دوای ئەوە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پەیماننامەی لیشبۆنە، و خەڵکی فەرەنسا پشتی تێکرد)
*وەستانەوە لە دژو ڕێگانەدان بە خۆدزینەوە لە باج لەلایەن سوپەر دەوڵەمەندەکانەوە
*کۆتاییهیانی دەستبەجێ بە تایبەتیکردن، دوبارە خۆماڵیکردنەوەی دامەزراوە گشتیەکان، وەکو ڕێگاوبان و فڕۆکەخانەکان و هێڵی ئاسن و .. تاد.
*لابردنی هەمووجۆرە ئایدیۆلۆژیایەک لەناو وەزارەتی خوێندن و فێرکردن ، کۆتاییهێنان بەهەمووجۆرە تەکنیکێکی تێکدەرانەی خوێندن و فێرکردن
*زیادکردنی میزانیەی یاساو نیزام بەرێژەی چوارهێندە و دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ پرۆسەی دادگاییەکان. فەراهەمکردنی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە سیستەمی دادوەری
*هەڵوەشاندنەوەی ئیحتکار(مۆنۆپۆڵ)کردنی میدیاو دەستوەردانی لە کاری سیاسیدا. دابینکردنی دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە میدیا و دەستبەرکردنی جیاوازیی بیروڕا. کۆتاییهێنان بە چەواشەکاری میدیایی((editorial propaganda
*دابینکردنی ئازادیی هاوڵاتیان بەوەی کە بەدەستور هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە بڕیاری خەڵک سەبارەت بە خوێندن و تەندروستی و کاروباری خێزانەوە، بەتەواوی قەدەغە بکات.

## تەندروستی و ژینگە:

*ڕێگانەدان بە زووبەسەرچوونی ئەنقەستی کاڵاکان- وەرگرتنی گەرەنتی لە بەرهەمهێنەرانی کاڵاکان کە دەبێ کاڵاکانیان بۆماوەی(١٠) ساڵ بەسەرنەچێت، هەروەها ئەدەواتی یەدەکی ئەوکاڵاو کەرەستانەش لەو ماوەیەدا دەست بکەون.
*قەدەغەکردنی هەرجۆرە بوتڵێکی پلاستیکی و هەموو جۆرە پاکەت و قوتویەکی پلاستیکی..
*کەمکردنەوەی دەستێوەردانی کۆگا گەورەکانی دەرمان لە تەندروستی گشتی و بەتایبەتی لە خەستەخانەکاندا.
*قەدەغەکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیە دەسکاریکراوە بۆماوەییەکان، دەرمانی دژی مێروو کە دەبنە هۆی شێرپەنجە و هەموو ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی دانەوێڵەوە توشی مرۆڤ دەبێت( endocrine disruptors and monocrops)
*دوبارە پیشەسازیکردنەوەی فەرەنسا( بەم پێیە کەمکردنەوەی هاوردەکردن و لە ئەکامیشدا کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە).

کاروباری دەرەوە

*کۆتاییهێنان بە بەشداری فەرەنسا لە شەڕە دەرەکیە دوژمنکاریەکاندا و هاتنەدەرەوە لە پەیماننامەی (ناتۆ)
*کۆتاییهێنان بە تاڵانکاری و دەستێوەردانی- سەربازی و سیاسی- لە "فرانکافریک"، کە وا دەکات ئەفریقا بە هەژاری بمێنێتەوە. گێڕانەوەی دەستبەجێی سەربازە فەرەنسیەکان. دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە ئەفریقیەکاندا لەسەر بنەمای یەکسان و بەرامبەر
*ڕێگاگرتن لە کۆچکردنی ئەو کەسانەی کە ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگای فەرەنسادا هەڵبکەن و تێکەڵ بن، بەهۆی ئەو قەیرانە شارستانیە قووڵەی کە ڕووبەڕومان بۆتەوە.
*ڕێزگرتنی تەواوی یاسای نێودەوڵەتیەکان و ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانەی کە واژۆمان کردوە...

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: موحسین کەریم**



# فتوای مەلاکان یان یاسای شووراکان

نووسینی: عبدالرحمن رسول

فتوای مەلا واتە بڕیاری مەلا بەپێی سەرچاوەی ئایینی ئیسلام ئەمەش بەحیساب بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی کۆمەڵگەیە بەپێی دەقەکانی قورئان وحەدس. من ناچمە ناودەقەکانی دینی ئیسلام، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەری دەدوێم وەک مرۆڤێک سەرنج و بۆچوونی خۆم باس دەکەم لەسەر فتوا و یاسای شوورایی ئایا کامیان پێویستە بۆ ئیدارەدان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشترو ئازاد دوور لەهەرجۆرە چەوسانەوەک .فتوادان لەلایەن مەلاکان واتە دەرکردنی یاسا و بڕیاری دینی. کاتێک باس لەبڕیاری دینی دەکەین واتە دەبێت بڕیار و یاساکان نەگۆڕبن و بەنەگۆڕی بمێنەوە. لەبەرئەوەی بەپێی دەقەکانی دین و قورئان مرۆڤ ناتوانێت دەقەکان و ئایەتەکانی قورئان بگۆڕێت، بەنەگۆڕینی دەقەکانی دین و ئایەت وحەدیسەکان، مرۆڤ نابێت یاسا وبڕیارەکانی مەلای ئیسلامی یان دەوڵەتی ئیسلامی بگۆڕێت. ئەگەرسەد ساڵ یان هەزار ساڵ وچەند هەزار ساڵ ئەو حکومەت و دەوڵەتە هەبێت. هەرکاتێک مرۆڤەکان بیانەوێت دەستکاری یاساو بڕیارەکان بکەن نابێت پێچەوانەی دەق وئایەتەکانی قورئان یاسا وبڕیار دەربکەن. هەروەکو لەدەستووری دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و دەستووری دەوڵەتی ئیسلامی ئێراندا هاتووە کەنابێت هیچ یاسا و بڕیارێک دەربچێت لەگەڵ دەق وئایەتەکانی قورئان دژو ناکۆک بێت. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کەدەبێت هەموو یاسا وبڕیارەکان بۆخزمەت و بەرژەوەندی مرۆڤانێک بێت کەباوەڕیان بەئایینی ئیسلام هەیە، بەڵام مرۆڤانێکی تر کەجیاواز بیربکەنەوە یان باوەڕیان بەهچ دینێک نەبێت یاخود باوەڕیان بەدینی جیاوازتر لەئیسلام هەبێت بەرژەوەندی ومافی ئازادی ڕادەربڕین ورەخنەگرتن وچالاکی ئایینی وکەلتووری وفەرهەنگییان ناپارێزدرێت ودەچەوسێنەوە. باچەند نموونەیەکی سەردەمی زۆر ئاشکراو ڕوون باس بەکەین. لەسەرەتایی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان وئازادیخوازو یەکسانیخوازان وسیکۆلاریستەکانی ئێران فتوایەکی ئاگرینی دەرکرد کەدەبێت بەزۆر یاساکانی کۆماری ئیسلامییان بەسەردا بەسەپێندرێت و ڕەفتار وهەڵسوکەوتی توندیان بەرامبەریان بکرێت. لەدوای فتوای خومێنی ١٩٧٩ بەهەزاران کەس زیندانی کرا و لەسێدارەدران. خەڵکی کوردستان بەیەک دەنگ ڕێپێوانی نارەزایەتییان نیشان دا بەکۆڕە ولەشارەکان چوونە دەرەوە وەک ڕەتکردنەوەی یاسا سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام خومەینی فتوایی کوشتنی ژن ومناڵ ومرۆڤە پیروپەککەوتەکانیشی دا وجێبەجێی کرد.

لەساڵی ١٩٨٨ بەفتوای مەلاکان دەوڵەتی عێراق بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی فاشی فتوای ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستانیدا و جێبەجێی کرد، بەهەشت قۆناغ کەزیاتر لە ١٨٨ هەزار کەسی لەژن ومناڵی ئەنفاڵ کرد یان کرین فرۆشتن بەکچە ئەنفال کراوەکانەوە کرا لەگەڵ شێخە ومەلاکان وبەرپرسانی دەوڵەتانی ئیسلامی وعەرەبی. لە تورکیاش مەلاکان بەدرێژایی تەمەنی ئیسلامییەکان لەدەسەلات بەردەوام فتوایان داوە لەدژی خەڵکی سیکۆلارو ئازادیخوزو یەکسانیخواز ورەخنەگر لەدەسەڵات و جۆری دەوڵەتداریان کەخوێنیان حەڵاڵ کردوون کەبڕژێت وئازار وئەشکەنجە بدرێن. ئەو هێرشەی کە کرایە سەرخاوەن ئایندارانی یەزیدی کە بەهەزاران کەس ئەنفال کراو کۆمەڵکوژ کراو ئاوارەکرا لەلایەن ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بوو بەناوی ڕێکخراوی داعشی ئیسلامی. گەشەکردن و گەورەکردنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەپشتیوانی و هاوکاری دەوڵەتانی ئیسلامی بوو. کۆمەڵکوژ وئەنفالی کردن مەلاکان لەوڵاتانی ئیسلامی بەردەوام فتواکانیان بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادی ومافەکانی مرۆڤ بووە. لەعێراق مەلا ومەرجعە دینییەکان فتوای جۆراوجۆریان داوە بۆ دژایەتی هەر ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازی وئازادیخوزی وسیکۆلاریستی. لەلایەن مەلاکانی ئیسلامی ئێرانەوە فتوای کوشتنی خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەرانی ئێرانی دراوە، هەربۆیە بەتوندترین شێوەو جۆر ویستوویانە نارەزایەتییەکانی خەڵک خامۆش بکەن، هەتا ساڵی ١٣٩٨ بەکۆپتەر تەقەیان لەخەڵکی نارازی دەکرد. هەربۆیە بەسەدەها کەس بوونە قوربانی و بەهەزاران کەس بریندارببوون و بەهەزاران کەسیش زیندانی کران. لەباشووری کوردستان ساڵانە مەلاکان فتوای لەدژی ژنان وپیاوانی سیکۆلارو ئازادیخواز ویەکسانیخواز و خاوەن ئایینەجیاوازوبێ دینەکان دەدەن کوشتنیان حەڵاڵ دەکەن. مەلاکان لەدژی هەبوونی بۆنە ئینسانی و نەتەوەیییەکان فتوایان داوە وتەشهیر جنێویان بەخەڵکداوە لەسەر بەشداریکردنی خەڵک لەو یادو بۆنەو جەژنانە هەروەکو یادەکانی هاتنی سەری ساڵی کوردی نەورۆزو سەری ساڵی زایینی. ئەوا لەکۆتایی ٢٠١٩ مەلاکانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان فتوای قەدەغەکردنی چوونەوە دەرەوەی ژنان بەتەنها لەسواربوونی تەکسی وبوارەکانی هاتووچۆ دەدەن، پێشتریش مەلاکان بەژنانیان دەگوت دایانەسۆر ودڕندەن ومەلایەکی ترلە ٢٠١٩ دەڵێت ڕێکخراوەکانی بەرگری کار لەمافەکانی ژنان دەبێت نەمێنێت وهەڵوەشێت. ئەم فتوایانەو فتوای خراپتریش جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە دەسەڵاتی مەلا بەوجۆرەو فتواش بەوجۆرەیە کە لەچوارچیوەی ئایین ودەقەکانی دیندابێت بەداواکاری هەڵوەشانەوەی فتوایەک چارەسەری کێشەکان ناکرێت، بەڵکو بەردەوام کێشەکان دەمێنەوە وناخی کۆمەڵاتی وپەروەردەیی تاک دەشێوێنن. کەواتە ئەگەردەمانەوێت دەسەڵاتی دینی وفتوای مەلاکان هەبێت دەبێت بێ دەنگ وبێ هەڵوێستبین، بەڵام هەرجۆرەگەڕانەوەیەکی کۆمەڵگە بەرەو کۆنەپەرستی ودواکەوتوویی ڕووبدات مرۆڤەکانی کوردستان باجەکەی وەک رابردوو، بەڵکو خراپتریش دەدەن. بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان بەگشتی ڕێگا چارەیەکی تەندروستر بگرنەبەر، کە ڕاشکاوانە قسەو هەڵوێستیان هەبێت لەبەشداریکردنی مرۆڤەکان خۆیان لەدانانی یاساو دەسەڵات وئیدارەدانی کۆمەڵگە. کەڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی خۆیان بکەن کۆمەڵگەکەیان ئاراستەی نوێبوونەوە و شارستانی و پێشکەوتن و کرانەوەی ئازادییەکان بکەن بۆئەم هەنگاوەش پێویستیان بەدەستوورو یاساکانی سەردەمە کەماف وئازادییەکانیان بپارێزێت ویەکسانی وبەرابەری بەرقەرار بکات، نەک بەفتوادانی مەلاکان بۆ لەناوبردنی ئاشتی ویەکسانی وئازادیییەکان کۆمەڵگە زیاتر بەرەوپێکدادان بەرێت و ئاشتی کۆمەڵایەتی وپەروەردەیی تێکبشکێنێت وشڵەژانی دەروونی وکۆمەڵاتی سازبکات.

بۆیە ئێمە دەبێت دڵسۆزانە کار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم دووبوارە بۆکۆمەڵگە بکەین کە فتوای مەلاکان ویاساکانی سەردەمە، ناکرێت بەردەوام هەردوو بەشەکە لەئیدارەدان وحکومەتداریدا تێکەڵ بکرێن، چونکە بەردەوامی ئەمەیە کەدەسەڵات و حکومەت ئاراستەی زیاتری دزی وگەندەڵی وفەسادی وفێڵکردن دەکات. دەبێت خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان ئەمە ساغ بکاتەوە لەنێوان هەڵبژاردنی یاسا وفتوای مەلاکانی دینی دا، کەیاسا هەڵبژێرێت وخۆی بەشداری لەدانانی یاساکاندا بکات. ئیدارە و حکومەتی شوورایی خۆیان پێکبهێن. ئەمەش بەتێکۆشانی دڵسۆزانەی خەڵک مەیسەردەبێت لەدژی ئەم سیستەمە چەوسێنەرو گەندەڵ ودزو خێڵگەرایە. بۆئەوەی دەسەڵات ویاساکان لەلایەن ئیدارەی شووراکانی خەڵکەوە بەڕێوەبچێت، دەبێت ڕێبگرین لەهەرجوڵەو گەشەیەک بۆکۆنەپەرستی وخێڵگەرایی کەکۆمەڵگەی کوردستان ئاراستەی گەڕانەوە دەکات. ئەمەش بەتێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز ودڵسۆز بەهێنانەدی ژیانێکی باشتر مەیسەر دەبێت.

ئایا یاسا چییەو گرینگی چییە لەکۆمەڵگەدا؟ جیاوازی لەگەڵ فتوای مەلاکاندا چییە؟

یاسا چییە؟

یاسا بەگشتی بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک گرنگی خۆی هەیە پێویستە هەموو تاکەکان بەباشی ئاشنایەتی لەگەڵ زانستی یاسادا بکات و کاربکات بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری یاسایی بەهەر جۆرێک کە بۆی دەکرێت، چونکە چەند شارەزایی لە یاساکان بە دەست بهێنین ئەوەندە ئاگایی بەدەست دەهێنین لەسەر جۆرو چەندێتی ماف و ئەرکەکانمان. گومان لەوەدا نییە بەشێکی زۆر ئەم ئەرکی وشیارکردنەوە بۆ شارەزابوون لە تەواوی یاساکان ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و دەسەڵات لایەنی دەوڵەتداری کۆمەڵگ، بەڵام لەکوردستان دەسەڵات وحکومەت زۆر کۆنەپەرستانە مامەڵەیان کردووە بەردەوام لەخزمەتی گەشەدانی ڕەوت و باڵە جیاوازەکانی کۆنەپەرستی و دژە ئینسانیدا بوون ئەمەش لەپێناوی مانەوەیان لەدەسەڵات و درێژەدان بەدزی و گەندەڵی وسەرکوتەکانیان، هەربۆیە پارەیەکی خەیاڵیان بۆ سەرجەم ڕاگەیاند و خوێندنگەو بەشەکانی فکری توندڕەوی وکۆنەپەرستی ودژە ئینسانی تەرخان کردووە، بەهیچ جۆرێک هەڵنەستاون بە ئەنجامدانی وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەئاشنابوونیان بە یاسا شارستانی و مرۆڤایەتی و پێشکەوتنخوازی و یەکسانیخوازییەکان و تەنانەت یاساکانی خۆشیان کەچەندساڵە لەپەرلەمان دەریان کردووە خەڵک بێ ئاگایە وجێبەجێ ناکرێت. بێگومان ئەمەش دەچێتە پاڵ کەم تەرخەمیەکان و گەندەڵی و فەسادییەکانی تری حکومەت و بەرپرسانی وڵات. لەو داهات و پارە زۆرەی کە لە بەردەستیانە بەشێکی کەم تەرخان ناکان بۆ ئەم ئەرکە. نابێت هاوڵاتیش بە دوور بگرین لەم کەم تەرخەمییە، بە تایبەت گەنجان و لاوان, پێویستە کات بۆ وشیاربونەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی گشتی و زانستی یاسایی تەرخان بکەن بۆئەوەی بە وشیاری و ئاگایی زیاتر پەنجە لەسەر ئەو یاسایانە دابندرێت کە پارێزگاری لە چەوسانەوە دەکەن و ناشایەستەن بە مرۆڤەکانی سەردەم و کار بۆ گۆرانکاری و چاکسازییان بکرێت لەو یاسایانە کە ڕێگا دەگرن لە پێشکەوتن و نوێبونەوە و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و گەشەی ئازادی و چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی. "هۆی هەبوونی ژیان و ئازادی و موڵکی ئەوە نییە کە مرۆڤ یاسای داناوە، بەپێچەوانەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژیان و ئازادی و موڵک، پێشوەخت هەبوون و ئەوان بوونەتە هۆی ئەوەی ئادەمیزاد بیر لە دانانی یاساکان بکاتەوە".1 لە هەمان کاتدا قۆناغ بەقۆناغی ئاڵوگۆڕەکان کە هاتۆتە پێش و لە داهاتووشداڕوو بەڕوویان دەبینەوە ناچارین یاساکان هەموار بکەین و چاکسازی و گۆرانکارییان تێدا بکەین بەڕیفۆرم بێت یان شۆڕش بێت. بە پێی سەردەم بە پێچەوانەوە نە وڵات بەرەوپێش دەچێت نە یاساکانیش سەروەر دەبن و جێبەجێ دەکرێن لەلایەن مرۆڤەکانەوە، بەڵکو بە چەقبەستنی یاساکان دەکەونە بەر شاڵاوی فەرامۆش کردن وچەوسانەوەی مرۆڤەکان بە دەستی یەکتری. لەهەمان کاتیشدا بە دیوێکی تردا قۆناغی ململانێکردن بەرە و باشکردنی یاساکان و هەموارکردن و چاکسازی کردن هەنگاوەکانی دەست پێ دەکات. کەواتە هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەمڕۆیان لە دوێنێ و ڕابردووی پر نەهامەتی و چەوسانەوە و نابەرابەری و کۆیلەیەتی و...

بۆ لاپەڕە ١١

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە





## پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی**

**و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن**
**بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:**
shwana.journalist@gmail.com

# "توندوتیژی دژی ژنان و هەڵوێستەیەك"

**نووسینی: هەناسە عەزیز**

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەگەر تێڕامێنین دەبینین توندوتیژی وەک دیاردەیەکی جیهانی و کۆسپ و ڕێگریەکانی بەردەم ئافرەتان وایکردووە کە توندوتیژی دژی ئافرەتان لە دیارترین و مەترسیدارترین ئەو کێشانە بێت کە ڕووبەڕووی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی بۆتەوە، توێژینەوەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە فیمینیستیەکان، لە چەند دەیەی ڕابردوودا وەک ترساناکترین کۆسپ لەبەردەم ئافرەتاندا هەژماریان کردووە، لەو ڕوانگەیەشەوە جۆرەکانی توندوتیژیان بۆ چەندین جۆر پۆلێن کردووە و بۆ هەر جۆرێکیش هەوڵی چارەسەریان داوە.

ئامارەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێن کە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە دیارترین ئەو توندوتیژیانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕودەدن بە سەرجەم جۆرەکانی توندوتیژییەوە، لە دیارترینیان توندوتیژی لە ڕێگەی زمان، چاو، جەستەیی، و میدیا، لە پیشە جیاوازەکان و ژیانی ڕۆژانەدا، لەم بابەتەشدا سیاسەت پشکی شێری بەردەکەوێت.

ڕەنگە لامان سەیر بێت کە بڵێین لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەکانەوە گەورەترین توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان ئەنجام دەدەین، کە هەڵقوڵاوی نیزامی زاڵمی چەوسێنەرانەی چینایەتی و نیزامی سەرمایەداری و کەلتور و دین و کۆمەڵگەن و ڕەگ و ڕیشەی قوڵیان هەیە، بۆ نمونە بەکارهێنانی وشەکانی (من پیاوم، پیاوبە، ئافرەتە ئاساییە، یان ئافرەتە گوێی مەدەرێ، ئەگەر ئافرەت نەبویتایە قسەم دەکرد) و تا کۆتایی، کە کاریگەری قوڵ و ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وا دەکەن کە هەمیشە پێگە و شوێنی پیاو جیاواز بێت لە ئافرەت و نەتوانین وەک مرۆڤ سەیری هەردوو ڕەگەزەکە بکەین.

چاو، وەک ڕێگەیەکی تر بە ئاگایی خۆمان یاخود بەبێئاگایی دەبێتە هۆی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، نمونەش وەک سەیرکردنی ئافرەتان بە جۆرێک کە ببێتە هۆی بێزارکردنی، یاخود جێهێشتنی شوێنەکە، یاخود تەنانەت ڕوو وەلاکردن و گۆڕینی ئاراستەی چاو، کە سەرجەمیان کاریگەری قوڵ لەسەر کەسی بەرامبەر بەجێدەهێڵن.

لە مێژووی نوێی حکومڕانی کوردی و ململانێی ناوخۆی و لایەنە سیاسیەکانیشدا، میدیا و لایەنە سیاسیەکان ئافرەتیان وەک گەورەترین و بەهێزترین چەک بەکارهێناوە تا لە ڕێگەیەوە بەسەر ڕکابەرەکانیاندا سەربکەون، زۆرێک لە لایەنە سیاسیەکان بەشێک لە دەزگاکانیان تەرخانکردووە بۆ چاودێری کردن بەسەر ئەندامەکانیان یاخود ئەندامانی حیزبەکانی ترەوە، تا بەوردی چاودێری پەیوەندییە تایبەتیەکانیان بکەن و لەو ڕێگەوە بەسەر نەیار و ڕکابەرەکانیاندا سەربکەون، بەکارهێنانی ئافرەت وەک ئامڕازێک بۆچوونە ناو ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە و تەماشاکردنی ئافرەت وەک کائینێکی لاواز، وای کردووە کە بازرگانە سیاسیەکان و سیاسیە بازرگانەکان ڕێگە بە خۆیان بدەن ئەو ئافرەتانە وەک نێچیر تەماشابکەن و بە ڕەوای بزانن خۆیانیان لێ نزیک بکەنەوە، بۆ نمونە بەشی زۆری سیاسیەکان و تەنانەت تاکی ئاساییش پێیان وایە هەر ئافرەتێک لە میدیا یاخود بواری گشتیدا کاریکرد ئاساییە لێی نزیک ببنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرەتای توندوتیژیەکی گەورە کە ئافرەت ناچار دەکات یان لە بوارەکە دوور بکەوێتەوە یاخود بەبێ ویستی خۆی ببێتە قوربانی و بیرکردنەوەیەکی پیاو سالارانە.

میدیا و هێزی سیاسی کوردی بە دەگمەن خۆی لەم توندوتیژییە ڕزگار کردووە، کەمن ئەو هێزانەی توانیویانە تێی بەپەڕێنن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کلتور و عەقڵیەتی پیاو سالاری و شێوازی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، کە چینەکان بە ئاشکرا دابەشبوون، چینی باڵا دەست و بنەماڵە و سەرمایەدارەکان ڕێگەی هەموو کارێک بە خۆیان دەدەن و چینی مام ناوەند و خوارەوە وەک نێچیر و دەربار دەبینن، بیانوی ئەمانیش پێدانی کار یاخود ڕەخساندنی چوونە پێشەوەی ئافرەتانە، و وای کردووە ببێتە دیاردە.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە بیلێین ئەوەیە کە توندوتیژی دژی ئافرەتان تەنها لێدان و قسە پێوتن ناگرێتەوە، تۆیەک کە ڕێگە بە خۆت دەدەیت توانج لە ئافرەتێک بدەیت، دوای بکەویت و هەوڵ بدەیت بەزۆر پەیوەندی لەگەڵدا ببەستیت، تەنها وەک سەرچاوەی چێژ تەماشای بکەیت، حیزبەکەت بکەیتە پۆلیسی ئەخلاق بەسەر خەڵکەوە و چاودێری بەسەر دۆست و نەیاری حیزبەکەتەوە بکەیت، بە دوای پەیوەندی تایبەتی کەسانی ترەوە بیت، ڕێگە بەخۆت بدەی قسە لەسەر ئافرەتێک بکەیت کە بەدڵی تۆ جلی نەپۆشیوە، کە بەدڵی تۆ ناچێتە دەرەوە، کە دەچێتە ئەو شوێنانەی کە تۆ بەدڵت نییە، ئەخلاقی ئافرەت لەچوارچێوەی پەردەی کچێنی و جۆری قسەکردن و شوێنی دانیشتنی کورت بکەیتەوە، بیرت بێت تۆ کە ڕێگەت بە خۆتدا بە سەیرکردنت ڕەگەزی بەرامبەر ناچار بکەیت پشتت تێ بکات یان شوێنەکە جێبهێڵێت، یان تەنانەت بێزاربێت بە سەیرکردنت، توندوتیژیت ئەنجامداوە.

## ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگەدا، مافێکی سەرەتایی و پێویستی ئینسانە ئازادیخوازەکانە!

# فینلەندا، وڵاتێك کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێت

**هەناسە عەزیز**

سەرۆکی پێنج فراکسیۆنی هاوپەیمانیی بەشدار لە دەوڵەتی فینلەندا، کە سەرۆک وەزیرانەکەشی ژنە، لەدەستی ژناندایە، هەروەها چوار وەزارەتی دیکەش لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێت.

وڵاتی فینلەندا ساڵی ٢٠١٩ وەک خۆشگوزەرانترین وڵاتی جیهان هەڵبژێردرا و بە یەکەم وڵات لە مێژوودا و لە ئاستی ئەوروپا ناسێندرا، کە مافی دەنگدانی بە ژنان دابێت، ئەوەش لە ساڵی ١٩٠٦دا بوو.



چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هەواڵی هەڵبژاردنی سانا مارینی تەمەن ٣٤ ساڵ، وەک سەرۆک وەزیرانی فینلەندا بڵاوبووەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە جگە لەوەی سەرۆکی پێنج فراکسیۆنی هاوپەیمانی بەشدار لە دەوڵەت کە ژنن، چواروەزارەتی دیکەی دەوڵەتیش لە دەستی ژنانی ئەو وڵاتەدایە.

ئەو وەزیرانەش بریتین لە؛ ئانا ماژا کریستینا هەنریکسۆن- وەزیری داد،ماریا ئۆهیسالۆ- وەزیری ناوخۆ، کاتری کۆلۆمۆنی- وەزیری ئابووریی و لی ئاندێرسۆن- وەزیری پەروەردە کە هەموویان ژنن و جگە لە وەزیری داد هەموویان لە تەمەنی گەنجیدان.

بەڵێ لە کاتێکدا کە ژنان ڕۆڵی بەرجەستەو زوربە لە پێکهێنانی حکومەتدا دەگێڕن و سەرۆکی حکومەتیش ژنیکی گەنجی ٣٤ ساڵەیە، وە لەو ریگایەوە نیشانی دەدەن کە لەهەر گۆشەیەکی دنیا، ژنان بواریان بدرێت و لەبەرامبەر بەیاسایەکی شارستانیدا یەکسان بن، هیچیان لە پیاوان کەمتر نییەو دەتوانن هەموو کاریک بکەن و هەموو رۆڵێک لە کۆمەڵگەدا بگێڕن... بەڵی ریک لەوکاتەدا کە وڵاتێک ژن رۆڵی سەرەکی تیا دەگێرێت، یەکێتی زانایانی!! ئیسلامی، و گوێ لەمستی دەسەڵات، و لیژنەی فتواکەی، فتوا دەردەکەن کە ژنان نابێ بەتەنها سواری تەکسی ببن، بەمەش سوکایەتیەکی گەورە بەژنان دەکەن و بە لاوازو کەمتر لە پیاوان لێیان دەڕوانن... ئەمەش نیشانی دەدات کە کۆنەپەرستی ئیسلامی و دەسەڵاتی دژە ژن لەکوردستان، چەندە نامۆن بە مافە سەرەتایەکانی ژنان و مافە سەدەمییەکانی ئینسان.

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی




* بەرواری ٨/١٢/٢٠١٩ ژنیک بەناوی " ئارەزو نەوزاد" لە شارەدێی ئاغجەلەری سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەرێگای سەرپۆشی سەری خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە و خۆی خنکاندووە. دەوترێت دۆسیە بۆ کەیسەکەی کراوەتەوە.

* بەرواری ٧/١٢/٢٠١٩ ژنیکی دانیشتوی سۆران بەهۆی بەرکەوتنی گوللەیە بەرجەستەی گیانی لەدەستداوە، ئەو ژنە ناوی"م،ح" لەدایک بووی سالی ١٩٧٧ بووە، دەوترێت بەهۆی بەهەڵە دەرچوونی فیشەکێک لەلایەن کەسێکی ترەوە گیانی لەدەستداوە، دەوترێت پەڕاو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات…

ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر و هیوا ساڵح، حەكیم میرزا

## بەشێكی تر لەدەقی
## بەسەرهاتی ئاهێكی سەرد



ساڵێك ڕۆی
سێوێكمان نەكرد بەدوولەتەوە
بەلای باخی دارهەنارێكی بەسالاچودا
نەڕۆشتین
خۆمان بۆ نەخرایە وە سەر
ڕێچكەی بارانێكی
بێ سەر پۆش
لەبەر دەرگای مەعبەدەكاندا
فرمێسكێكمان
بۆ تەنیایی بول بولە ماتەكانی ناو
قەفەسە
تەلبەند كراوەكان هەڵنەڕشت

ساڵێك ڕۆی
پێكەوە قاوەیەكمان نەخواردە وەو
سورمەی سەر پرچی كچە ئەتك كراوێك
ی
دوس خورماتومان نەخستە نامەیەكی
تورەوە بەقاسیدێكی چاو
شیندا ((بۆخوامان))
نەنارد

ئێمەیەك
كە ڕێگامان بەڕەشەبا دەگرت
گلەییمان لەهەور دەكرد
بارانمان دەخستە چوار چێوەی شوشەیە
كی
ڕەنگاو ڕەنگەوە و
لەژوور سەرمانەوە هەڵمان دەواسی
ئەی بۆ
ئێستا گوێ بۆشەقەی باڵی كۆترە
تۆراوەكانی ئەم دەڤەرە خوێناویە ناگ
رین و
چرایەك نابەین بۆسەر گۆڕی ئەو كوڕەی
كەنەیتوانی یەكەم دەرسی نیشتیمان
لەیەكەم زانكۆدا بخوێنێت

ساڵێك ڕۆی
بەلای باخی دار پرتەقاڵێكی موتوربەر ك
راو
بەئازاردا نەڕۆشتین
بەدەروێشێكی عاشقمان نەووت
بۆهێندە لەبەر
پەنجەرەی شوشە شكاوەكەتدا

شمشێرەكەت تیژ دەكەیتەوەو
چاوەڕوانی نامەیەكی پڕ لەنهێنی خوا
دەكەیت
ئێمەیەك
كە
فرمێسكی ماسییەكی ناوتۆڕمان بۆنەخوێن
رێتەوە و
لەهەناسە بڕكێی ئاسكێكی دیل كراو
تێنەگەین
ئیتر چۆن خۆمان بۆ دەخرێتە ڕستەوە

ساڵێك ڕۆی
قاوەیەكمان پێكەوە نەخواردەوە
سەیری لەپی دەستی یەكترمان بۆ
نەكراو
بەلای گۆڕستانێكی بێكەسدا نەڕۆشتین
فرمێسكی چۆلەكەیەكی پایزەمان بۆنەد
رایە
ڕستەوە...

**میرزا**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




## بەرهەمی تازەی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا



# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس رەشید

### دوای ئاگر کەوتنەوە لە کارگەیەکی بچووکی هیندوستان ٤٣ کرێکار گیانی لەدەستدا



لەناوەڕاستی شاری دەلهی وڵاتی هیندوستان، دوای ئاگرکەوتنەوە لە کارگەیەک ٤٣ کرێکار بوونە قوربانی و ٥٨ی دیکەش ڕزگار کران. شایانی باسە ئەو کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی هەژار نشینەکان و کارگەی بچووکی زۆر تێدایە.

زۆرێک لە کارگەکان لە گەڕەکە کۆنەکانی شار کە دانیشتوانەکەی زۆر چرە دەبینرێن:

زۆرێک لە کارگە بچووکەکان لەوناوچانەن کە کە دانیشتوانەکەی زۆرە، و نرخی زەوی لەوێدا هەرزانترە لە شوێنەکانی دیکەی شار. بەپێی ئاژانسی فرانس پرێسی فەرەنسی" کرێکارە هەژارەکان کە زۆربەیان پەناهەندەن هەر لە کارگەکان دەخەون. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پاشەکەوتکردنی هەندێک پارە. ڕەخنەگران ڕوویان لە خاوەن ئەو کارگانەیە کە گرنگی بەسەلامەتی شوێنی کار نادەن و پشتگوێی دەخەن.

**جێی ئاماژەیە کە زوربەی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە لەوکاتەدا کە دەوروبەری ٥ ی بەیانی بووە خەوتبوون.**

### کانەکانی تورکیا گۆڕستانێک بۆ کرێکاران، هەزار کرێکار بەهۆی ٧٥٤ لەدەستدانی گیان هەلومەرجی خراپی کار لە سەردەمی ئەردۆغان



کرێکارانی کانەکانی تورکیا لەهەلومەرجێکی سەخت و (وەحشیدا) دەژین لەژێرسایەی نەبوونی سەلامەتی ترسناکی ڕۆژانە، دەگاتە ڕادەی مردن بەهۆکاری هەلومەرجی کاری سەختەوە.

بەپێی ڕاپۆرت و داتاکانی کۆمەڵەی تەندروستی و سەلامەتی و پیشەییەوە، و بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانی کانەکان لە ٤ی دیسەمبەر، ٧٥٤ هەزار کرێکار لە تورکیا لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا گیانیان لەدەستداوە لەناو کانەکاندا. واتە ئەو ماوەیەی کە حزبی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار بووە بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان.

پتر لە ٣ هەزار کرێکاری کانەکان گیانیان لەدەستداوە لە ساڵی ١٩٤١ەوە تاوەکو ئێستا. نزیکەی ١٠٠ هەزار کرێکار و ٥٨٪ ی تاوانەکانی ئەم کارە کە لە ٧٨ ساڵدا ڕوویانداوە لە سەردەمی حزبی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداردا بووە.

لەلایەن خۆیەوە ئەردۆغان هۆکاری زۆرێک لەو ئاوانانەی بەم شێوەیە ئاماژە پێکردووە" ئەمانە شتی سروشتی و ئاسایین، ئەمە سروشتی کارکردنە!!".

نموونەی ئەو ڕووداوانە؛ گیان لەدەستدانی ١٠ کرێکاری کانەکان لە شاری ئارمانکی پارێزگای قارەمان لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣، ١٩ کرێکار لە ٨ی سپتەمبەری ٢٠٠٤ لە شاری کۆرا لە پارێزگای کەستەمۆنا، و ١٠ کرێکار لە ١٠ی دیسەمبەری ٢٠١٠ لە شاری مستەفا کمال پاشا لە پارێزگای بۆرسە، ٣٠١ کرێکار لە ١٣ی مەی ٢٠١٤لە شاری سۆما پارێزگای مانیسا.

### ئەمە ڕاستی مۆڕاڵی ئێمەیە!! ڕۆژانی خۆپیشاندانەکان و نەمانی تەحەروش کردن بە کچان...



بەپێی ڕاپۆرتێکی سایتی بۆتیکی ڕووسی؛ هەزاران کچی لاو و ژنان بەتەنیا و بەکۆمەڵ لەگەڵ هاوڕێکانی خوێندنگایان و کارەکانیان بەو ڕێگایانەدا تێپەڕ دەبن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان وانەبوو کە دەتوانن پێیدا تێپەڕن بەبێ ئەوەی دەستدرێژی و تەحەروشی بەقسە یان جنسی نەکرێن! پێش خۆپیشاندانەکانی عێراق!

کچان ئەو ڕێگایە بەپێ دەبڕن دوای ئەوەی بە ناوچەی فزوە و عرب کە ناوچەیەکی ( شەعبیە) و پڕیەتی لە مۆتۆر و دوکانی چاکردنەوەیان، هەروەها بەپێ ئەو بازاڕە ( شەعبیە) کە کاڵای جۆراوجۆری بەنرخی هەرزان تێدا دەفرۆشرێت، کە زوربەیان بە ١٠٠٠ دیناری عێراقیە. گۆرەوی جلوبەرگی دەستی دووی بەکارهاتوو( لەنگە) ئەم شتانە کە کڕیاری هەژار لێی کۆدەبێتەوە، بەرەو مەیدانی تەحریر ڕێدەکەن. لەوێدا هەزاران خۆپیشاندەر لە ٢٥ی ئۆکتۆبەرەوە تێیدا کۆدەبنەوە. سەمەر کچە تەمەن ٢٢ ساڵ؛ ڕۆژانە ئەو ڕێگایە دەبڕێت بەرەو مەیدانی تەحریر، بەبێ ترس لە هیچ تەحەروشێک و ترسێک لە جلانەی کە لەبەری دەکات یان شێوەی دەموچاو، یا شێوەی سمتی کاتیک پانتۆڵی جێنس لەبەردەکات لەگەڵ بلوزێکی کورت. لە ناو دڵیدا هێزی هەڵگرتووە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و ئەو داواکاریانەی کە بوونە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران. هەروەها خۆشحاڵە بەو سەرکەوتنانەی لەگەڵ خۆپیشاندەران و بەپشتیوانی ئەوان بەدەستیهێناوە لە زاڵ بوون بەسەر تەحەروشدا، کە یەکێک بوو لە دیارترین کێشەکانی کۆمەڵگەی عێراق. سەمر لە قسەکردنیدا بۆ پەیامنێری سایتی سبۆتیکی ڕووسی لە عێراقدا گووتی"کێ دەیتوانی بچێتە ناوچەی (باب الشرقی) کە مەیدانی تەحریری لێوە نزیکە لەناوجەرگەی بەغدایە، و بەناو بازاڕە شەعبیەکانیدا براوت کە هەمووی هەر پیاو بوون، پێشتر بۆ ژنان نەبوو پێیدا تێپەڕن لەبەر تەحەروشی ( بەقسە و تانە لێدان و جنسی ) تەنانەت ئەگەر ژنەکە عەباشی بپۆشیبا. ئەو کچەی کە تیمارم دەکات، یا کەمامەم دەداتێ بۆ خۆپاراستن لە خنکان بە دوکەڵ، و ئەوەی خواردنەوەی بێپسیم پێدەدا، یا ئەو ئاوەی لەگەڵ مەشروبی کحولی تێکەڵ کراوە، یا تێکەڵەی ئاوی موغەزیم دەکات دەم یا چاوم بۆ ئەوەی بمپارێزێت لە پاشماوەی گازی فرمێسک ڕژێن. یا ئەو کچەی لەتێک نان یا پسکیتم پێدەدا، یا قاپێک دۆڵمەم پێدەدا؛ من چۆن دەتوان تەحەروش بە کچە بکەم؟ سەختە و ناکرێت کەسێک جورئەت بکات تەحەروش بەهیچ کچێک بکات... ئەم قسەی ئەحمەد کەریمی لاو بوو لە مەیدانی تەحریر بۆ پەیامنێری سبۆتیکی ڕووسی.

"تک تک " ساڵ کە شوفێری ١٩ حسێن تەمەن شاری سەدر، کە یەکێکە لە گەڕەکە ە لە شەعبیە گەورەکانی بەغدا و بەشداری دەکات بە گواستنەوەی خۆپیشاندانەکان خۆپیشاندەران و بریندارەکان. ئەو دەڵێت کچم کردووە کە خوێندکاری ٣ یارمەتی دەیانەویست بچنە مەیدانی تەحریر بۆ یەکەم پێ نەئەزانی، جاریان بوو و هیچ شوێنیان هەروەها دەیانویست لەگەڵ تک تک و وێنە مۆنۆمێنتی تەحریر و چێشتخانەی تورکی بگرن. حسێن دەڵێت ئەو کچانە لە خۆپیشاندانەکاندا ئێمە وەک خوشک و دایکی سەیریان دەکەین، و هەموو لاوانی خۆمان مەیدانی تەحریر هەوڵ دەدەن ڕێگای دابین بکەن تەنانەت کاتێ سەلامەتیان بۆ سەرکەوتنیان بۆ باڵەخانەی چێشتخانەی چۆڵ دەکەن. تاوەکو تورکی و ڕێگایان بۆ ئەمڕۆ هیچ کەسێک تەحەروشی بە کچێک خۆپیشاندانەکانەوە نەکردووە لەسەرەتای .تاوەکو ئێستا

کچان و کوڕان یارمەتی یەکتر دەکەن لە شەقامەکان کە ساڵانێک پاککردنەوەی پشتگوێخرابوون، و وێنە لەسەر دووردرێژە دیوارەکانی تونێلی تەحریر و باخچەی ئومە و دیواری دەرەوەی چێشتخانەی تورکی و ناو خێوەتەکانی خوێندکاران زانکۆ و پەیمانگەکان و بێکاران و نەخۆشخانە بچووکەکان و مەفرەزە تەندروستیەکان دەنەخشێنن تا شۆڕش و خۆڕاگری تا بەدیهێنانی سەرکەوتنی هەموو داواکاریەکانمان. تەنانەت ئەو وەزارەتی ناوەخۆ لە کاتی ماموستایانەی کە خۆیدا و لەسەرەتای ئەمساڵدا ژنانی تایبەتی لە دانابوون بۆ ئەوەی بیانپارێزن لە پۆلیس بۆ تەحەروش، ئێستا لەژێر سایەی گەنجەکاندان، مامۆستا و بەڕێوەبەرانەی کە ئەو نەیاندەهێشت کچان بەرەو مەیدانی تەحریر .خۆپیشاندانەکان بکەن بچن و بەشداری

بەهۆی ئەو دڵنیاییەی ئەو کچە ئازایانە هەیانە ئەو لاوە خۆپیشاندەرانە و بەشداری بەرامبەر بێترسیان کچان هەر لەوێ شەو دەمێننەوە و مەیدانی تەحریر دەخەون لەگەڵ ئەو گەنج و لە پیاوانە لەسەر زەوی، ئەمە وێنایەکی دەگمەن تاهەتایە دەهێڵێتەوە. هەروەک لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکانەوە دەبینرێت، ئەو خەوە قوڵەی کە تێیدان و خۆپیشاندەران پارێزراون تێیدا. دەیانەوێت بۆ هەموو دنیای بسەلمێنن کە .تەحەروشیان لەناوبرد

ساڵ لە قسەکانیدا بۆ ٢٤ حنین ئەمیر تەمەن تەنانەت دوای ئەم"دەڵێت ئەو پەیامنێرە شۆڕشە جەماوەریە، ڕوودواەکانی تەحەروش چونکە هەموومان لەمەیدانی ،بەکچان نامێنن تەحریر یەکترمان بینی، و یارمەتی یەکترمان گشتیش چاومان بەیەکتر دا. ئەگەر لەشوێنی بکەوێتەوە سڵاو لەیەکتر دەکەین نەک تەحەروشێکم تەحەروش کردن پێمان. هیچ پێنەکراوە لە تەواوی ئەو کاتانەی کە چووم بۆ و ناسیاوەکانیشم، تەحریر، هەروەها هاوڕێکانم ."دەچن و دێینەوە بەبێ ترس

### خۆپیشاندانی خەڵکی جەزائیر دژ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی تازە

خۆپیشاندانی گەورەی خۆپیشاندەرانی جەزائیری لەناوەڕاستی پایتەخت بۆ



ڕەتکردنەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی تازە عبدالمجید تبون، کە کەسێکی نزیک بووە لە سەرۆکی پێشووی لابراو عبدالعزیز بوتفلیقە. خۆپیشاندەران بە وتنەوەی شیعاری (هەلبژاردن ساختەیە، و ئێمە دەنگمان نەداوە و سەرۆکتان حوکمان ناکات) هەندێکیشیان ئەم شیعارەیان هەڵگرتبوو (هەش بەسەر تبون تۆ بەمردوویی لە دایک بوویت). شایانی باسە لە ٤٠٪ ی خەڵک بەشداری کردووە لە هەڵبژاردنەکان. خۆپیشاندەرانیش لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێکهاتوون ژنێک بەناوی مریم تەمەن ٣١ ساڵ فەرمانبەرە دەڵێت"تەبون لە بوتفلیقە خراپترە، و یەکێکە لەدزەکان، و ئێمە دەنگمان نەداوە و ناگەڕێینەوە دواوە.

تەبون لە ٥٨,١٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. دوای ئەوەی کەش و هەوای دەنگدان پڕی بوو لە دژایەتی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی لەلایەن زوربەی جەماوەری خەڵک،،،،

بۆ لاپەڕە ١٣

# ئەنوەر نەجمەدین: ئەوەی ئەمڕۆ لەجیهاندا دەگوزەرێت، ئەوە سەرەتای مارشێکی ئینترناسونالیستییە، جموجۆڵی هێزێکی پرۆلیتارییە لەپشت قەیرانە ئابورییەکانی جیهانەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ئەنوەر نەجمەدین توێژەری سیاسی سەبارەت بە بەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە



**بۆپێشەوە: خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری، بەدژی گرانی و بێکاری دزی و تالانی و دەستێوەردانی دەرەکی زۆرێک لەشارەکانی عێراقی گرتوتەوە، هۆکار چییە، ئەم خۆپیشاندانانە ناگوازرێتەوە بۆ کوردستان، کە هەمان ئەو کێشە و گرفتانە بەزیادەوە لە کوردستان هەن؟ یان بۆچی خەڵکی کوردستان دەست نادەنە پشتیوانی جەماوەری لە خواستە ڕەواکانی خەڵکی بێبەشی عێراق؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** هۆکاری یەکەم: ئەوەی دەگوزەرێت کۆتایی نییە، بەڵکو تەنها سەرەتایە، ئەمە مادام بە دانپێدانانی ئابووریناسە بۆرجوازیەکان خۆیان، دوای ١٠ ساڵ لە قەیرانە قووڵەکانی ٢٠٠٨، سەرلەنوێ کەسادێکی قووڵترو درێژخایەنتر چاوەڕوان دەکرێت لە ٢٠٢٠ دا. واتە ئەوەی ڕوودەدات درێژخایەن دەبێت، وە هەر پاشەکشەیەکیش، تەنها هەڵوێستەیەکی وەختی دەبێت. ئیتر با ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان کە هەر بەشێکە لە دەسەڵات، توانیبێتی سنوورێک بۆ خۆپیشاندانەکانی جەماوەر دابنێت لە بەرژەوەندیی چینی سەروەر؛ پێکەوەیش لەگەڵ دەسەڵاتداران، بە مەشقکردنی خەڵکی لەسەر پەرلەمانتاریزم و مەترسی داعش و خەباتی مەدەنی و هتد، بیانەوێت باروزروفێک بخوولقێنن کە دەستپێشخەریە شۆڕشگێریەکان بکوژێت.

هۆکاری دووهەم: دابڕینی کوردستان لە عێراق بە گشتی، دابەشکردنی چینی چەوساوەو بەرژەوەندیەکانێتی کە تەنانەت چەپەکانیش بە حەماسەوە، چەپڵەیان بۆ لێدەدا؛ کە ئەمە لە بناغەدا هەوڵێک بوو بۆ دابڕینی پرۆلێتاریا لە یەکترو دروستکردنی دوژمنایەتیەکی نەتەوەیی لە نێوان پرۆلێتاریادا.

هۆکاری سێهەم: چەپەکان بەدوای هەمان تەوژمی لیبرالیستەکان و ناسیۆنالیستەکان و پەرلەمانتاریستەکاندا ڕاپێچ بوون و سەرلێشێواوانە، ناکۆکیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەیان لە جەماوەری چەوساوە کردە سیکۆلاریزم و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، ئەمە لە کاتێکا هیچ کام لەمانە، ئامرازێکی شۆڕشگێر نەبوون بەدەست پرۆلێتاریاوە لە خەباتیدا دژی برجوازیەت.

بەڵام لە هەموو حاڵێکدا، ئەو ماتی و خامۆشیەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، هەر تەنها هەڵوێستەیەکی وەختیە، پێداچوونەوەیە، هەڵکشان و داکشانێکی ئاساییە لە بزووتنەوەی جەماوەری چەوساوەدا. مەرجیش نییە لە هەموو کاتێکدا ئەو بزووتنەوانە، هەموو شارەکانی وڵاتێک بگرنەوە لە یەککاتدا، گەرچی ئەوەیش هەمیشە بە لاوازکردنی بزووتنەوەکە کۆتایی دێت، وەک میسر، تونس، هتد.

**بۆپێشەوە: چ لێکچوونێک لە نێوان خۆپیشاندانەکانی چیلی و لوبنان و ئێران، لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراقدا هەیە؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** ئەوەی ئەمڕۆ لە جهیاندا دەگوزەرێت، ئەوە سەرەتای مارشێکی ئینترناسیۆنالیستیە، جموجووڵی هێزێکی پرۆلێتاریە لە پشت قەیرانە ئابووریەکانی جیهانەوە کە سستبوونێکی نوێی قووڵترو فراوانتری پیشەسازی و بازرگانی و بازاڕی بۆرسەو پشکەکان نیشان دەدات لەسەر ئاستی جیهانی. قەیرانەکان دەچنە ئاستێکی فراوانترەوە، بزووتنەوەی پرۆلێتاریایش لەگەڵیدا، پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە، ئەو قەیرانانەی بە داماڵینی توێژە ناوەندییەکان لە خۆشگوزەرانیەکانیان، بەردەوام لە سوپای بێکارە زیاد دەکات، هێڵی هەژاری فراوانتر دەکات، هەژاران دەباتە ئاستی برسێتی، گرفتی خانووبەرە زیاد دەکات، گرانیەکی زۆر لە خۆراکدا بە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، هێزی کڕین دادەبەزێنێت. ئەمانە هەموو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی هاوبەشی ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەن.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بە توندوتیژی وەڵام بەداخوازی خۆپیشاندەران دەداتەوە، کە تا ئێستا بەسەدان کەس کوژراون و بەهەزارانیش بریندار بوون. هۆکاری دەستبردنی دەسەڵات بۆ توندوتیژی و سەرکوت چۆن دەبینن؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** ئەوەیە شارستانیەتی سەرمایەداریی، ئیتر گرنگ نییە کێ حوکم دەکات، کۆمەڵێک بەناوی ئیسلامەوە یان کۆمەڵێک بەناوی لیبرالیزمەوە وە یان کۆمەڵێک بەناوی سۆشیالیزمەوە. ئەوەیە شارستانیەتی برجوازیی و ئەوەیە سروشتی ،عەدالەتەکەی دەوڵەت. هەرکات کۆیلەکان لەڕووی ئەوکاتە ،سەروەرەکانیاندا ڕاست بوونەوە ڕووخساری ڕاستەقینەکەی کۆمەڵگاکەیان و دەبینرێت دەوڵەتەکەیان دەردەکەویت، ئەوکاتە عەدالەتەکەی ئەوان هیچ نییە بەربەریزم نەبێت، چەندان سەرپۆش، ئیتر با ئەو بەربەریزمە بە .داپۆشرابێت

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی چینی کرێکار و چەپ و کۆمۆنیستەکان چۆنە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراقدا؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بڕواننە پرسیاری یەکەم وپێنجەم و شەشەم...

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە هاوکات لەگەڵ کۆبونەوەو خۆپیشاندان لەناوەندی شارەکان، لە ناوەندە کرێکاریی و کارگەو گەرەکەکاندا، خۆپیشاندان و مانگرتن نییە؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** ڕۆڵی نیگەتیڤانەی سەندیکا کرێکاریەکان و نەبوونی نەریتی موڵکیەت داگیرکردن و دەستبەسەراگرتنی کارگەکان و دامەزراندنی خۆبەڕێوەبردن لە کۆمیتە کارگەرییە شۆڕشگێرە هەڵبژێردراوەکانەوە، کە ئەمە ڕۆڵی نیگەتیڤانەی حیزبی شیوعی عێراقیشی پێوە دیارە لە پەروەردەکردنی کرێکاراندا کە هەمیشە خۆبەدوورگرتن بووە لە زەبروزەنگ و داگیرکردنی موڵکیەت، ئاسۆی تێڕوانینە کارگەریەکانی بەرتەسک کردۆتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. چەپ و سەندیکا، بزووتنەوەیەکیان ناساندووە کە پرۆلێتاریا تیایا، واز لە فیکرەی هەڵگێڕانەوەی کۆمەڵگە بهێنێت و بە چاککردنی دەوڵەتەوە خەریک بێت. ئەو ڕێکخراوە حیزبی و سەندیکاییانە ئەو عەقڵیەتەیان کردۆتە باو کە گوایە دەبێت چینی کرێکار، بەشوێن ئامانجە حیزبی و سەندیکاییەکانەوە بێت، ئەمە ئەگەرچی داگیرکردنی بەندەری بەسرە بەشداریەکی گەورەی کرێکاران دەردەخات. بەڵام ئەو ئاستە لە داگیرکردن، دەبێت تێپەڕ بکات بۆ ڕێکخستنی کارگەکان و کێڵگە نەوتیەکان و بەندەرەکان لە پرۆلێتاریاوە. جگە لەمە، حوسالەی پرۆلێتاریایش ڕۆڵێکی کەمیان نەبینیوە لە ڕێگرتن لە بەشداریی کرێکاراندا لە هەموو بزووتنەوەکاندا. بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە ئەمەیش مەسەلەی وەختە. کرێکاران دواین هەڵوێست ڕادەگەیەنن.

**بۆپێشەوە: سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئێران، پێویستی بە ڕێکخراوبوون، وە بە حزبی سیاسی کۆمۆنیستی بەهێزو دەخالەتگەرەوە هەیە، لە نەبوونی ئەمانەدا، ئایندەی خۆپیشاندانەکان یان ئەو ئامانجانەی خەڵک بۆی هاتۆتە مەیدان بەشوێن مەبەستی خۆی ناگات، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئەنوەر نەجمەدین:** حیزب کراوە بە معجزەی ڕزگاریی، ئەمە لەکاتێکا ئەوەی گرنگە دامەزراندنی (کۆمیتە کارگەریە شۆڕشگێرەکان)ە، (خۆڕێکخستنی پرۆلێتاریایە لە گاردێکی پرۆلێتاریی سەربەخۆ) دا کە خۆیان دەخەنە ژێر دەستی ئەو کۆمیتە کارگەریانەوە لەبری ئەوەی خۆیان بخەنە ژێردەستی دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەم جەنگە چینایەتیە لەسەر ئاستی ئینترناسیۆنالیستی، جەنگێکی نەقابیی نییە بۆ کەم کردنەوەو زیادکردنی کرێی کار. بۆیە زۆر زیاتر لە نەقابەو حیزبی پێویستە. ئەو جەنگە شۆڕشگێریە کە دەستەویەخەوەبوونی برجوازیەتی ناوخۆیە لە هەر وڵاتێکدا، هەروەک چۆن برجوازیەتی ئەو وڵاتانەی ناچار کردووە بە هاوپەیمانێتی دژی پرۆلێتاریا –وە تەنانەت جەنگی چینایەتی لە دڵی هەر وڵاتێکدا، مەترسی جەنگی سەرمایەداریی جیهانیی فراوانتر دەکات بۆ خۆدەربازکردن لەم بارودۆخە قەیراناویە بێچارەیەی تێیکەوتوون– دەخوازێت پرۆلێتاری وڵاتانیش، بەتایبەت عێراق و ئێران، لە بزووتنەوەیەکی سۆڵیداریتی ئینترناسیۆنالیستیدا خۆیان ڕێکبخەن. ڕۆڵی سۆشیالیستەکانیش لەوێدا، هاوبەشیەکی شۆڕشگیرانەیە بۆ وەدیهێنانی ئەو سۆڵیداریتیە. ئەمەیش ڕوونادات ئەگەر هەموو دەستەو گروپ و تایەفە سۆشیالیستیەکان، دەستبەرداری گروپەکانیان نەبن و بەرژەوەندیی چینایەتی نەخەنە سەروو بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە بزووتنەوەیەکی ئینترناسیۆنالیستیدا نەتوێننەوە، ئەمەیش بە سەرکەوتن بەسەر دەمارگیریی گروپچێتیدا. ئەوەی گرنگە، برەودانە بە بزووتنەوەی ئینترناسیۆنالیستی، ئەمەیش لەو دیدگایەوە کە بزووتنەوەی کارگەران، پرسێکی ناوخۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانی نییە، وە بە هۆکاری قەیرانە ئابووریەکانی جیهان، ئەو سنوورە بەرتەسکەی جێهێشتووە کە پرۆلێتاریای ئێران لە ١٩٧٨ و پرۆلێتاریای عێراق لە ١٩٩١ ڕووبەڕووی بووبوونەوە. تێشکانی تەواوی بزووتنەوەکانیش لێرەو لەوێ، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سۆڵیداریتیەکی چینایەتیی ئینترناسیۆنالیستی. سەرهەڵدانەوەی نوێی ئەو بزووتنەوەیەیش لە جیهاندا، لەهەمانکاتدا، بەئاگا هێنانەوەی سۆشیالیستەکانە لە هەڵەکانی ڕابووردوو، لەم هەموو پارچەپارچە بوونە بێمانایەی کە دەبێت سنوورێکی بۆ دابنرێت، ئەمەیش لەڕێگای یەکگرتنەوە لە بزووتنەوەیەکدا. وە ئەبێ سۆشیالیستەکان ئەو بۆچوونە بکەنە هاوبەشیان کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان لە شیلی وەک فەرەنسا، لە جەزائیر وەک لوبنان، لە عێراق وەک ئێران، هەمان پەیوەندین، وە لە هەموو شوێنێکیش یەک یاسای ئابووریی زاڵە لەسەر بەرهەمهێنان و دابەش کردن: یاسای سەرمایە! بۆیە جەنگە سەرەکیەکی نێوان برجوازیەت و پرۆلێتاریا لە هەموو شوێنێک هەر هەمان جەنگی چینایەتیە: جەنگی کارو سەرمایە!

٩ / ١٢ / ٢٠١٩



# دانا مەنمی: دواکاری خۆپیشاندەران ئاسان و داياريكراون بەگشتی (نان، کار، ئازادی، گەندەڵی و چاکسازی) خەباتی خۆپیشاندەرانیان لە ئێران،عیراق، لوبنان، چیلی، یەکخستووە و خاڵی لێکچوونیش ئەو دۆخە ناهەموارەیە کەبەدەستی گەندەڵکاران خوڵقاوە....

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ دانا مەنمی ڕۆژنامەنووس سەبارەت بە بەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە

**بۆپیشەوە: ململانێی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، چ کاریگەریەکی لەسەر خۆپیشاندانەکان و ئایندەی خۆپیشاندانەکان دەبێت؟**

**دانا مەنمی:** کاتێک خۆپیشاندانەکانی عێراق دەستی پێکرد، حکومەتی عێراق هەندێک بڕیاری بەپەلەی لە بواری چاکسازیدا دەست پێکرد، هەرچەندە بەڵێنەکەی نەبردە سەر، لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش بۆ ئەوەی خۆشەویستی شەقام بن تێکەڵی خۆپیشاندەران دەبوون و خیتابی سیاسی خۆیان یەکخستبوو لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەراندا، مەرجەعیەتی ئاینیش لە عێراق هەندێکجار بێدەنگ و هەندێک جاریش لەگەڵ مانەوەی سەرۆک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوە بوو، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە شەقامی عیراقی خامۆش نەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ تورەیی هاووڵاتیان زیاتر دەبوو تەواوی چین و توێژەکان سنگیان ناوە بەگوللەی هێزە ئەمنییەکانەوە لەپێناو سەختی و زەحمەتی ژیان و بێکاریی و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی و خراپی گوزەران و بەڵێنی بێ بنەما و دەستی دەرەکی و پشتکردن لێیان، تاقەت پڕوکێنی کردوون. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەعێراق، گوزەرانی خەڵک لەساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٨ لەخراپترین دۆخدا بووە، بەجۆرێک کە ٥ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار منداڵ بێ دایک و باوکن، ٢ ملیۆن بێوەژن هەیە، ٦ ملیۆن هاووڵاتی خوێندن و نووسین نازانن، ٣٥ %ی خەڵکی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، لە٣١ % بێکارن، لە٦ % ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، لە٩ %ی منداڵان کار دەکەن، لە٣٩ % تووشی چەند جۆرێکی نەخۆشی وەکو کۆلێرا و ... هتد بوون، ١٣ هەزار کارگە لەکارکەوتوون، ١٤ هەزار و ٦٥٨ قوتابخانە لەناوچووون، چاندنی زەوی لە ٤٨ ملیۆن دۆنمەوە بۆتەوە ١٢ ملیۆن دۆنم، ٣ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار عیراقی ئاوارەی ٦٢ وڵات بوون، ٤ ملیۆن و ١٠٠ هەزار عیراقی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر ئاوارە بوون، ملیۆنێک و ٧٠٠ هەزار کەس لەژێر خێوەتدا دەژین. دوای شانزە ساڵی حوکمڕانی عێراق و دروستکردنی چوار کابینە، هیچیان بەبێ دەستێوەردان و کاریگەری هەژموونی ئەمریکا و ئێران دانەمەزراون. ناتوانرێت ئەنجامی خۆپیشاندانەکان بەڕوونی دیاری بکرێت، ئەوەی هەیە ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت توندوتیژی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و عیراق دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ جەنگی ناوخۆیی و ململانێی نێودەوڵەتی لە نێوان زلهێزەکان.

**بۆپێشەوە: خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری، بەدژی گرانی و بێکاری دزی و تاڵانی و دەستێوەردانی دەرەکی زۆرێک لەشارەکانی عێراقی گرتۆتەوە، هۆکار چییە، ئەم خۆپیشاندانانە ناگوازرێتەوە بۆ کوردستان، کە هەمان ئەو کێشە و گرفتانە بەزیادەوە لە کوردستان هەن؟ یان بۆچی خەڵکی کوردستان دەست نادەنە پشتیوانی جەماوەری لە خواستە ڕەواکانی خەڵکی بێبەشی عێراق؟**

**دانا مەنمی:** شەقامی ئێستای نارەزایەتیەکان لە عێراق نەک دژی کورد و هیچ پێکهاتەیەک نییە بگرە خاڵی هاوبەش لە نێوان خواست و داواکاری شەقامی عێراقی و شەقامی کوردیشدا هەیە، کوردستانیش لە دۆخێکی خراپدایە، جوڵەی حوکمڕانیەتی کوردیش لە ماوەی حوکمڕانیەتیدا جوڵەیەکی تەندروست نەبووە، گەندەڵی لە کوردستان هەموو سێکتەرەکانی گرتووەتەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر ژیانی خەڵک دروستکردووە. ڕاپۆرتی ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکاریە سیاسیەکان لەبارەی هەوڵەکانی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی دەست لەکارکێشاوەی عێراق دەڵێت: ئاستەنگەکانی بەردەم عادل عەبدولمەهدی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی و چاکسازی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستان و میلیشیا شیعەکان بوون لە عێراق. هەرلەبارەی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت: حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٩ لە ڕێگای کۆمەڵێک فێڵ و میکانیزمی دارایی و ئیداریی و پڕۆژەی وەهمی و دزین و بەقاچاخبردنی نەوت وهەبوونی ٢٠٠هەزار فەرمانبەرو موچەخۆری بندیوار، زیانێکی زۆریان بە سامانی گشتی هەرێمی کوردستان و عێراق گەیاندووە. دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەند لە خۆپیشاندانەکانی عێراق وەربگرێت و ڕێڕەوی حوکمڕانیەتی سیاسی و ئابوری ڕاستبکاتەوە و ژینگە و زەمینەیەکی لەبار دروست بکات بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و پرۆسەی چاکسازی سیاسی و ئابوری ئەنجام بدات. کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە بەهێزتر نییە لە عێراق، ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت ئەگەر لە کوردستان بێت زیانەکان زۆر زیاتر دەبێت و دەرفەتی زیاتریش بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دەرەخسێت.

**بۆپیشەوە: چ لێکچوونێک لە نێوان خۆپیشاندانەکانی چیلی و لوبنان و ئێران، لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراقدا هەیە؟**

**دانا مەنمی:** جەیمس دۆرسی نووسەرو لێکۆڵەری پێشەنگ لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی نیشتمانی سەنگاپورە لە ڕاپۆرتێکیدا لە ژێر ناونیشانی(خۆپیشاندانە جیهانییەکان) باس لە سێ وڵاتی جیهانی دەکات کە شەپۆلی خۆپیشاندان دەیگرێتەوە؛ لەوانە هەریەک لە وڵاتانی (عێراق، ئێران، لوبنان، چیلی).لەناو لیستەکەدان، چیلی خاوەنی گەورەترین تۆڕی شەمەندەفەری میترۆیە لەسەر ئاستی کیشوەرەکەی خۆی، و ڕۆژانە ( ٣) ملیۆن کەس سودی لێدەبینن، خۆپیشاندانەکانی وڵاتی چیلی ئەمریکای باشوور بە زیادکردنی نرخی میترۆ دژی گەندەڵی و نادادپەروەی حکومەت بەرامبەر بە هاوڵاتیان دەستیپێکرد، دوای بانگەوازەکەی یەکێتی کرێکارییەکانی چیلی بەملیۆنان کەس لە سانتیاگۆی پایەختی ئەو وڵاتە کۆبونەوە، بەڵام هەر زوو سەرۆکی چیلی، سێباستیان پینێرا داوای لێبووردنی لە میلەتەکەی کرد و بەڵێنی دا کە چاکسازی ئابوری ئەنجام بدات و هەشت وەزیری کابینەی حکوومەتەکەیشی گۆڕی. بەڵام خۆپیشاندەران داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی چیلی و زیادکردنی هەقدەست و خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەیی و هەتا هەموارکردنەوەی دەستوری هەمیشەیی وڵاتەکەیان دەکەن. لە ئێرانیش هوتافی خۆپیشاندەران تەنها درووشمی نەهێشتنی برسێتی و بێکاری بوو، بەڵام وردە وردە هوتافەکان بە ڕووی ئێران و نیزامەکەیدا، توندتربوو، تا گەیشتە ئەوەی خۆپیشاندەران بڵێن "مەرگ بۆ خامەنەیی" و وێنەی خامەنەیی وهەتا ئاڵای ئێرانیش لە شەقامەکان بسووتێنن. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش ئێران کەناڵەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردنی تێلیگرامییان داخستووە، هاوکات ڕۆژ بەڕۆژ خۆپیشاندانەکانی ئێران فراوانتر دەبن. تائیستاش خۆپیشاندان دژی نیزامی ئێران و عەلی خامەنەیی ڕێبەرەکەی بەردەوامە. لە بارەی لوبنانیشەوە لوبنان لە ژێر قەرزێکی قورسدایە، خۆپیشاندان لە لوبنان بە دواکاریی کەمکردنەوەی باج دەستی پێکرد، پێشتر حکومەتی لوبنان باجی لەسەرهەندێک لە کاڵاکان زیاد کردبوو، لەگەڵ دەستپێکردنی نارەزایەتیی خەڵکدا حکومەت بە خێرایی دەستەبەرداری بڕیارەکەی بوو. بەڵام ئەوە خۆپیشاندانەکانی لوبنانی ڕانەگرت و داواکارییەکان لە خزمەتگوزارییەوە گۆڕان بۆ داواکاری سیاسی هەڵوەشانەوەی حکومەت.

سەرەنجام سەرۆک وەزیران دەستی لەکار کێشایەوە و کابینەکەی هەڵوەشایەوە. ئێستاش خۆپیشاندەران لە لوبنان بەردەوامن و داوای رۆشتنی سیاسی و بەرپرسە "گەندەڵەکان" دەکەن، لەعێراقیش بەهەمان شێوە سەرەتای خۆپیشاندانەکان داواکاریی چەند دەرچوویەکی زانکۆکان بوو بۆ دامەزراندن، دواتر ئەم دواکارییانە بەرفراوان بوون بۆ داواکاردنی خزمەتگوزاری و پاشان بوو بە خۆپیشاندانیک دژ بە گەندەڵیی و وتنەوەی دروشم لە دژی "بەرپرسانی گەندەڵکار". بەدەمەوە نەچوونی حکومەتی عێراق و پێدانی بەڵێنی بێکردار، وای لەخۆپیشاندەران کرد کە داواکارییەکانیان لەبێکاریی و بێ ئاو و کارەبا و ڕووبەڕوبوونەوەی گەندەڵی و چاکسازییەوە بگۆڕن بۆ داواکاری سیاسی و داوای گۆڕینی سیستمی سیاسی و شێوازی حوکمڕانی و هەمواری دەستورو هەڵوەشاندنەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و یاسایی هەڵبژاردنەکان بکەن. عێراق لەمڕۆدا بەدۆخێکی دژواردا تێدەپەڕێت، ئێستای عێراق ئێستایەکی جیاوازە، چونکە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە بۆ یەکەمین جارە نێوماڵی شیعە ناکۆکی تێدەکەوێت! دیوی پشتەوەی خۆپیشاندانەکانی عێراق جگە لەدەستێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ململانێی پەیڕەوانی شیعەی عێراق و شیعەی ئێرانە، کە پەروەردەی دوو قوتابخانەی ئاینین لەنەجەف و لەقوم، ململانێی ئەم دوو مەدرەسە ئاینییە مەزهەبییە تەنها لە بواری شەریعەت و عەقیدە و فیقە و ثەوابت و ئیجتیهاد و عیبادات و نوێژ و قوربانی و ڕۆژو و هتد. نییە، بەڵکو ململانییەکە فۆڕمێکی توندوتیژی ئاینیی و مەزهەبی بەرهەم هێناوە و مەترسی لەسەر ژیان و گوزەرانی پەیڕەوانی هەردوو مەدرەسەکە دروستکردووە. بۆیەکەمین جارە کە مەزارگەکان لە نەجەف و کەربەلا مەترسییان لەسەر دروست دەبێت، یەکەمین جاریشە ماڵی مەرجەعە ئاینییەکان پەلاماردەدرێت و هەوڵی سوتاندنی دەدرێت. لە پاش بەهاری عەرەبیەوە ڕژانە سەرشەقام و ئەنجامدانی خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەریی بووە بە نەریتی خەڵکی ناڕازیی زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. داواکاری خۆپیشاندەران ئاسان و دیاریکراون بەگشتی(نان، کار، ئازادی، گەندەلی و چاکسازی)، خەباتی خۆپیشاندەرانیان لە ئێران، عێراق، لوبنان، چیلی، یەکخستووە و خاڵی لێکچونیش ئەو دۆخە ناهەموارەیە کە بە دەستی گەندەڵکاران خولقاوە. هاوتەریب بە دەستیوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە هەریەکێک لەو وڵاتانەی کە باسمان کردن. دواجاریش خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئێران و لوبنان و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی مەترسی جیۆپۆلیتیکی گەورە بۆ سەر سیستمی جیهانی و ئیقلیمی دروست دەکەن، و ئەگەری هەیە جەنگێکی گەورە لە فوراتەوە هەتا نیل لە ناوچەکەدا هەڵبگیرسێت.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا، بە توندوتیژی وەڵام بەداخوازی خۆپیشاندەران دەداتەوە، کە تا ئێستا بەسەدان کەس کوژراون و بەهەزارانیش بریندار،...**

بۆ لاپەڕە ١٣

# درێژەی....فتوای مەلاکان یان یاسای شووراکان

ئاوارەیی و دواکەوتویی و هەژاری و ..هیتد جیاوازتر و باشتربێ و، بەیانی و داهاتویی تاکەکانی کۆمەڵگە باشتر و بەرەو پێشکەوتوتر لە ئەمرۆ هەنگاو بنێت بە شێوەی کرداری و رەنگدانەوەی هەبێت لە ئاکار و رەوشتی رۆژانە و فەرهەنگی ئینسانی کە هاندەری بەیەکەوە ژیان و چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بێت، پێویستە پرۆژەکانی چاکسازی بۆ گۆڕینی یاساکان لە قۆناغی پێشنیار دەرچن و بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت. هیچی تر تەنها پێشنیار و نووسین و خوێندنەوە نەبێ. شێوازی بێلایەنی لەخۆ نەگرێت کە بەشێک بێت لە دوورکەوتنەوە لە چارەسەری کێشەکان و وە دوور کەوتنەوە لەو هەوڵانەی بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کەپێویست دەکات بگۆڕدرێن هیچی تر. پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە لەو تێکۆشانە کلاسیکییە دەرچن کە تەنها نەزەریات و بۆچوون بخرێنە ڕووو، خەڵکی کوردستان زیاتر لە ژێر چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە و بەبێ ئەوەی کەمترین هەنگاو بندرێت لەلایەن ئەوانەی کە بە حیساب خاوەن پرۆژەی چاکسازین. با تەنها خۆ دەرخستن و حیزب دەرخستن نەبێتە ئامانجی رۆژانەی شارەزایان و یاسا ناسان و رۆشنبیران و هەموو ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ ئاڵوگۆڕی باشتر و پێشکەوتوتر کە شایستە بە ئینسانەکانی ئەمرۆیی جیهانی تازەگەری و جیهانی پێشکەوتوبێت لە کوردستاندا، بۆیە زەروورە لەپێناو گێڕانەوەی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات و حکومەت زیاتر گرینگی بە گەشەی کرداری باشتر بدرێت، نەک تەنها بە قسە و نوسین و فەلسەفەی بریقەدار ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی پێبرازێندرێتەوە، بەڵکو بەپێی هەنگاوی کرداری بۆچونەکان و پێشنیاراتەکان بخرێتە ڕوو. هەروەها دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە وشیاربن بەشداربن لەئاراستەکردنی کۆمەڵگەکەیان بەرەو ئایندەیەک وکۆمەڵگەیەکی باشتر ئەمەش بەجیاکردنەوە داماڵینی دەسەڵات وبڕیارو فتواکانی مەلاکان مەرجعە دینی و نەتەوەییەکان وعەشیرەتییەکان، سەرۆکی حیزبەکان. ئەبێت کۆمەڵگە ئامادە بکرێت بۆ کردنەوەی ڕینسانسێک لەئیدارەدان وئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ئاسۆیەکی نوێ وفڕێدانی بەرگی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی ودژە ئینسانی. دیسان دەبێت بپرسین گرینگی یاسا چییە؟ کەواتە یاسا چییە؟

یاسا ڕێکخستنی دەستەمییانەی مافەکانی تاکە، تا بتوانێت داکۆکییەکی یاساییانە لە خۆی بکات. "هەر یەک لە ئێمە مافێکی سروشتی پێ بەخشراوە بۆ داکۆکیکردن لە خودی خۆی، ئازادی خۆی، موڵکی خۆی. ئەمانە سێ پێداویستی بنچینەیی ژیانن. پارێزگارییکردن لە هەر یەکێکیان بە تەواویی پشت بە پاراستنی دوانەکەی دی دەبەستێت. توانستەکانی ئێمە چین جگە لە بەرینکردنەوەی تاکایەتی خۆمان؟ موڵک چییە جگە لە بەرینکردنەوەی توانستەکانمان؟ هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکیکردن لە خودی خۆی، ئازادی خۆی، موڵکی خۆی 2" ، تێکۆشان بکات بۆ ئایندە و ژیانێکی باشتر. با بە شێوەیەکی گشتی سەیری چەسپاندنی یاسا بکەین لە کوردستان، چەندین پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا یاساکان بە درێژایی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کوردستان وەکو خۆیی جێبەجێکراوە؟ یاخود ئەم یاسایانە بۆ هەموو لایەک چ بەرپرس ، بەر پرسی حیزبی بێت یاحکومی، مامۆستا بێت یا دکتۆر ، هاوڵاتی بێت یا ..هیتد تواندراوە ئەم یاسایانە جێبەجێ بکرێت و بە سەریاندا بچەسپێندرێت؟؟. ئایا تەنها بەسەر هاوڵاتیانی هەژاردا چەسپاوە ؟؟!! ئایا چەندە بەرپرسی باڵا لە حیزبەکان و حکومەت لەسەر ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی یاساکان سزا و حکوم دراون؟!! یاخود هەتا ئێستا پاش چەندەها ساڵ لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەلایەن حیزبەکان هیچ تاوانێک و سەرپێچی یاسایی لەلایەن بەرپرسانەوە ئەنجام نەدراوە، بەڵکو تەنها بەرگریان لە چەسپاندنی سەروەری یاساکان کردووە، زۆر عەدالەت خوازبوون لە چەسپاندنی یاساکاندا ئەوەی رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکان بوختانیان بۆ دەکەن و درۆیان بۆ هەڵدەبەستن؟!!! وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلایەن بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئاشکراو ڕوون بۆتەوە. بێگومان لە کوردستاندا ئەگەرچی زۆرێک لەسەرکردەو بەرپرسە باڵاکان لێدوانی جۆراوجۆر دەدەن لەسەر چەسپاندنی یاساکان. جاری وایە قسەی خەیاڵاویی زۆر دەکەن بۆ چەسپاندنی یاساکان و سەروەری یاساکان بۆ هەموو لایەک، بەڵام بەداخەوە کە ڕۆژبۆوە یاخود هەمان ڕۆژ و ئەو سەعاتەی کە ئەم بەرپرسە چەواشەکارە لێدوان و قسە لەسەر سەروەری یاساکان دەکەن، لە هەمان شار و ناوچەو وڵاتەدا تەنها هاوڵاتیانی هەژار و هاوڵاتیانی بێ پشت و پەنای حیزبی و حکومی یاساکانی بەسەردا دەچەسپێت. ئەگەر قسە لەسەروەری یاساکان دەکرێت، دەبێت بۆ هەموان جێبەجێ بکرێت و بەسەریدا بچەسپێت لە کاتی سەرپێچیدا، چ بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی یاسایی هاتوچۆ بێت یاخود ئەنجامدانی تاوانی کوشتن بێت یاخود هەر سەرپێچێکی یاسایی بێت. هەتاکو ئەم کەلتور و فەرهەنگە کە داکۆکی لەم جیاوازی گەراییە دەکات نەشونما بکات و لە ناو حکومەت و دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبێت و کار بۆ بنەبڕکردنی نەکرێت، مەحاڵە هیچ جۆرە چاکسازێک بکرێت لەناو یاساکان و حکومەتی باشووری کوردستاندا. بەبێ ئەم هەنگاوە، دروستکردنی و هاندانی جارێکی تری خۆشباوەڕی و بێمتمانەییە بۆ تاکی هاوڵاتییە، بەڵام خەتەرناکتر لە ڕابردوو. دەبێت پێش چاکسازی و ڕیفۆرم هەریەکێک لەوانەی کە پرۆژە دەخەنە ڕوو، چ ئەوانەی حکومەت بەڕێوەدەبەن یان بەشدارن یان هاوپەیمانی حیزبەکانی دەسەڵاتن یاخود ئەوانەی پرۆژەیان هەیە و ئۆپۆزیسیۆنن. مەبەستم هەموو هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی!! کە بە پەرۆشەوەن بۆ ئاڵوگۆڕی باشتر و دەیانەوێت وەڵامی خواستەکانی خەڵکی کوردستان بدەنەوە، پێویستە لە خۆیانەوە دەست پێبکەن بۆ کۆتایی یاخود کەمکردنەوەی ئەم جیاوازییە گەراییە لە چەسپاندنی یاساکان. زۆر کەس بۆیە پێی خۆشە خزمەکەی یان کەسە نزیکەکانی ببنە بەرپرس چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکات کە بە هەر شێوەیەک بێت چاوپۆشی لێبکات لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچی یاسایی یاخود هاوکاری بێت بۆ ڕاهی کردنی کارەکانی بە هەر جۆرێک کە پێویست دەکات ئەم فەرهەنگ و کەلتورە باڵیکێشاوە بەسەر سەرجەم ئەندام و کادر و هەوادارانی حیزبەکانی کە لەناو حکومەتدان و کاروباری کارگێڕی بەڕێوەدەبن. بەپێی یاسا هەرچی زەوی کوردستان بوو دابەشکرا بەسەر بەرپرس و کادر و ئەندامانی حیزبەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبەکانی پارێزەرانی ئەم جۆرە دەسەڵات و حکومەتە یاخود ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی یەکێک یان هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەزانن، زۆر گوتویانە ئێمە هاوپەیمانی فلان حیزبین بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە لە بارەی وەرگرتنی زەوی و ئیمتییازی جۆراوجۆری تر، ئەم بۆچوونە سەرجەم حیزبەکانی ناوەوەی کوردستان بە گەورەو بچوکەوە دەگرێتەوە، گەورەترین ڕەخنە و گلەییان بەرامبەر دەسەڵات ئیمتیاز و پۆست و پلە و دەسەڵاتە کە پێیان نەدراوە. هەرگیز پێش بەرژەوەندی حیزبەکان نەیان گوتووە خەڵکی کوردستان بەگشتی و گەنجان و لاوان پێویستییان بە زەوییە و پێویستییان بە ئیمتیاز و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە. کەواتە پێویستە هێزی یەکگرتوویی خەڵک بێتە مەیدان بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لەدەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەر کە بەمەلاکانی حیزبەکان و سەرۆک خێڵ وحیزبەکانی ناو دەسەڵات پارێزەری لەمانەوەی دەکەن. ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشتر بگۆڕین پێویستە لێرەوە دەست بکەین بە گۆڕانکاری چ وەکو تاک و چ هاوڵاتی یاخود بەرپرس ئەم وڵاتە. هاوڵاتیانی کۆمەڵگە بە خزم و هاوڕێی خۆمانیان بزانین. لە ئەمرۆ وە دەست پێبکەین لە کاتێکدا لە دەچین بۆ لای دکتۆر با سەرەی خۆمان بگرین، با لەسەرە گرتندا جیاوازی نەکەین. بۆ نان کرین بێت یان دکتۆر، یا ئەنجامدانی کاروباری ئیداری لە فەرمانگە حکومیەکاندا بەپێی نۆرەی خۆمان بچینە ژورەوە. با لەململانێ زانستییەکاندا بۆ بەشداری کردن لە قۆناغەکاندا یاخود بۆ دامەزراندن لە فەرمانگە حکومییەکان با یاساکان و ڕێنمایەکان بە کردار بچەسپێت بەبێ هەر جیاوازێک کە هەبێت. ئەگەر دەمانەوێت وڵات پێش بکەوێت ئەمە باشترین ڕێگایە و سەرەتا ڕێگایە، چونکە ئەگەر باوەڕمان بە چەسپاندنی ئەم کەلتورو فەرهەنگە نەبێت ئەوا بە هیچ شێوەیەک چاکسازی ناکرێت وڵاتیش بەرەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەنگاو نانێت و چەوساندنەوەش بنەبڕ ناکرێت و کەم ناکرێتەوە. ئەگەر هەر یەکە لە هاوڵاتیانیش پرۆژەی خۆشیان هەبێ چاو لە حیزبەکان بکەن، تەنها وڵاتەکەمان دەبێتە پرۆژەخانەی بێبەرهەم و بۆ چەندین ساڵی تریش دەبێ بیبەر و تەماتە و گڵۆپی کارەبا و مەمکەمژەی منداڵان و کەلوپەلە سەرەتایەکانی تر هەر لە وڵاتانی تر بهێندرێت. کڕنۆش بۆ دەوڵەتانی فاشیزمی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران وتورکیا ببرێت. لەچارەسەری کێشەکان و قەیرانەکان کە دەخوڵقێت، چونکە لە سەرەتادا ئیهمالیان دەکەن کێشە بچوکەکان و پاشان گەورە دەبن بە کێشەی گەورەتر دوایش دەبێت بە قەیران کە چارەسەری ئاسان نابێت. بۆیە لەئێستادا گەشەدان بەبزووتنەوەی شوورایی زۆرگرینگ و پێویستە وەک نیشاندانی کرداری بۆ هێنانەدی بەدیلێکی باشتر لەکوردستان کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بۆپێشەوە لەڕوویی ئیدارەدانی شوورایيدا کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر دەکات، چونکە دەرکردنی یاساکانی شووراکان کەبڕیاری گشتی کۆمەڵگە دەبێت نەک فتوای مەلایەک یان سەرۆک خێڵ وسەرۆکی حیزبێک.

وشەی قانوون لە بنەڕەتدا:

نووسەرەکان دەربارەی دیاریکردنی بنچینەی قانون جیاوازن "بە جۆرێک کە ڕای زۆرینە دەڵێت لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبی نییە و هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، هەندێکی تر دەڵێن لە بنەڕەتدا لە ڕووی مادده و شێوە وشەیەکی عەرەبییە. لە ڕووی مادده وشەکە لە بنەڕەتدا لە (قن) هاتوە، واتا بە دواداچوونی هەواڵی شتێک بە مەبەستی گرینگیدان بە شارەزابوونی، بەڵام لەڕووی شێوە لە دەستەواژەی (فاعول)ی عەرەبی هاتووە کە بە واتای تەواو بوون و ئەوپەڕی هەوڵدان دێت. زۆربەی نوسەران دەڵێن لە وشەی (kanon) هاتووە واتا ڕێسا یان ڕێکخستن. بریتییە لە وشەیەکی لاتینی کە فەرەنسییەکان لە وشەی (canon)یان وەرگرتووە، کە مەبەستیان بڕیارەکانی کۆڕبەندەکانی کەنیسەیە، و ئینگلیزەکانیش وەریانگرتووە بە یاسای کەنیسەیان دەگوت (canonlaw) و جگە لەوانە نوسەرانی تر بنچینەیەکی تری بۆ دادەنێت کە دەڵێن: وشەکە لە بنەڕەتدا ڕۆمییە و گوتراوە کە لە بنەڕەتدا فارسییەو هەندێکی تر دەیدەنە پاڵ زمانی سریانی و هەروەها هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ زمانی عیبری، هەر چینێک بەڵگەیەکی هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی بۆ چوونەکەی، لە ڕاستیدا ئەو جیاوازییە دەربارەی بنەڕەتی ئەو وشەیە سوودێکی زانستی نییە. "3. تەنها ئەوەی کە بۆ سەرجەم نەتەوە و ئایین و ڕەگەزە جیاوازەکان زۆر پر بەیاخ و گرینگ بێت جۆر و ناوەرۆکی یاساکانە کە چەندە لە بەرژەوەندی داهاتوویی سەرجەم مرۆڤەکانە بۆئەوەی دوور لە نەهامەتی و چەوسانەوە، هەمیشە بەختەوەر ژیان بگوزەرێنن.

پێناسەیەک بۆ یاسا:

..."یاسا بریتییە لە گرینگترین سەرچاوەکانی ڕێسا یاساییەکانی پەیوەست بە بنەماکانی دادگاییکردن چ لە ڕووی ژمارەی ئەو ڕێسایانە یان لە ڕووی کۆکردنەوەیان لەیەک یاسای سەربەخۆ، چونکە گشت دەوڵەتێک یاسایەکی دیاریکراوی بنەماکانی دادگاییکردنی هەیە، بەڵام واتای ئەوە نییە کە تەنها یاسای بنەماکانی دادگاییکردن ڕێساکانی تایبەت بە بنەماکانی دادگاییکردنی لە خۆ دەگرێت، بەڵکو چەندین یاسای تر هەن چەند ڕێسایەکی لەو بابەتە لە خۆ دەگرن، وەک یاسای سزاکان و یاسای داواکاری گشتی و چەندین یاسای تایبەت".4 بە چەندین پێناسەی جیاجیا پێناسەکراوە، و ئەو پێناسانە هەرچەند لە دەربرین جیاوازبن، بەڵام لە واتادا هاوشێوەن و لە ئامانجداکۆکن، چونکە گشت پێناسەکان دان بە بوونی چەندین بنەمای بنچینەیی و بۆچوونی سەرەکی دادەنێن کە گشت یاساکانی نەتەوە جیاجیاکان تیایاندا هاوبەشن، و ئەرکی دەرخستنی ئەو بنەماو بۆچوونانە بەسەر توێژەر...

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

دەسەپێنێت بەمەبەستی گەیشتن بە تیۆرێکی گشتی بۆ یاساکە ڕوونکردنەوەکان لەخۆ بگرێت و لە کاتی ناوەرۆکی بنەماکان دەوەستێت، و لەبەر ئەوە دەرچوون لەو پێناسە تەقلیدیانە زیانی نییە بە مەبەستی دانانی چەند پێناسەیەک بۆ زانستی بنەماکانی یاسا کە لە دەربرین جیاوازبن و لە واتادا هاوشێوەبن. بەم شێوەیەش "پێناسە دەکرێت: بریتییە لە زانستێک کە بابەتەکەی لە یاسادا وەردەگرێت و باس لە بنەما گشتییەکان و تیۆرە هاوبەشەکانی نێوان یاساکانی نەتەوەکان دەکات."5

یاسایی شووراکان: ئەوەیە جیاوازە لەیاساکانی سیستەمە چەوسێنەرەکان لەبەرئەوەی لەلایەن شووراکانی خەڵکەوە دەردەچێت بە گەڕانەوە هەبوونی پێویستی وپارێزگاری لەماف و ئازادییەکانی خەڵک. بۆیە دەتوانین بڵێین یاسایی شووراکان یاسایی گشتی خەڵکە کەبەشداری لەدانان و دەرکردنی کردووە وە بەباشیش جێبەجێی دەکات ئارەزوومەندانە، هەرکاتێکیش بەگونجاویان زانی یان پێویست بوو زۆر بەئاسانی لەڕێگەی خودی خەڵکەوە کەبەشداربێت لەڕیفۆرم چاکسازی یاساکان دەتواندرێت یاساکان بگۆڕدرێت.

## یاسا گرینگی چییە ؟ :

"...یاسا دادە. لەسایەی یاسای دادپەروەریشدا، لەسایەی باڵادەستی مافدا، لەژێر کاریگەری ئازادی، ئاسایش، سەقامگیریی و بەرپرسیارێتیدا... هەموو تاکێک دەگاتە شایستەی ڕاستەقینەی خۆی و مەزنی ڕاستەقینەی بوونی خۆی. بە تەنها لە سایەی ئەم یاسای دادپەروەرییەدا کە پێشکەوتنی ئاشتییانەی مرۆڤایەتی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێشک هیواش هێواش بەڵام بە دڵنیایی. پێموایە ئەمە لە ڕووی تیورییەوە ڕاستە، چونکە هەر پرسیارێک بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە... .چ ئاینی، فەلسەفی، سیاسی، یان ئابووریی بێت چ ئەگەر سەبارەت بە خۆشگوزەرانی بێت یان ئاکارێتی، یەکسانی، ماف، داد، دارایی، یان حکومەت بێت. لە هەر خاڵێکی ئاسۆی گونجاودا دەگەمە یەک دەرەنجام، چارەسەری گرفتی پەیوەندییە مرۆییەکان لە ئازادیدا دەدۆزیتەوە. گومان لەوەشدا نییە لەگەڵ چەسپاندن و گەشەی ئازادی زیاتر پێویستە هەمیشە یاسا پێشکەوتووەکان کە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤیان پاراستووە دەبێت هاوتابێت بۆ سەروەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەنا بە پێچەوانەوە کۆمەڵگە نغرۆ دەبێت لە ناو جەهل و نەزانی و دواکەوتویی و چەوسانەوە و کۆیلەیەتی بە شێوازی جۆراوجۆر. گرینگی ئەو زانستە لە ناوەرۆکەی دەردەکەوێت کە ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەو کەسەی کە شارەزایە، هەروەها بۆگشت مرۆڤێک گرینگە. کەواتە گرینگی ئەو زانستە بۆ هەر کەسێک ڕوون و ئاشکرایە کە لە سەرەتای ناسینی یاسادایە، چونکە بە یارمەتی ئەو زانستە دەتوانێت زانیارییەکی گشتی لەڕووی واتاو تایبەتمەندی و سروشت و سەرچاوە و لقەکانی یاسا و جۆرەکانی ڕێسا یاساییەکان وەربگیرێت. "لە ڕێگەی ئەو زانستە چەندین زانیاری دەست دەکەوێت کە تواناکانی بەهێز دەکەن و یارمەتی دەدەن لە خوێندنی لقە جۆراوجۆرەکانی تری یاسا. لەبەرئەوەی لقەکانی یاسا لە کۆمەڵێک زانیاری سەرەتایی و دەستەواژەی هونەری هاوبەشن و لەسەر چەند بنەمای هاوبەش دادەمەزرێن. بە یارمەتی ئەو زانستە دەتوانێت بۆچوونەکانی سەرەکی فیکرەی یاسایی دەربخات کە بە هۆیانەوە دەتوانێت بە شێوەیەکی زانستی بڕیار لەسەر شتەکان بدات."6 سوودی زانستی یاسا چەندین واتای دەگرێتەوە، چونکە بنەماکانی یاسا لە چوارچێوەی باسکردنی بنەماکانی هاوبەش لەنێوان یاساکانی دەستکردنی گرنگی بە باسکردنی چەندین شت دەدات کە گشت ڕۆشنبیرێک پێویستی پێییەتی... زانستی یاسا بە جۆرێک کە باسی سروشتی یاسا و سروشتی ئەو پەیوەندییە یاساییە دەکات کە لە نێوان کەسەکان دروست دەبێت کەمافەکانی لێ دروست دەبێت و ئەرکیشی لێدەکەوێتەوە و باسی ڕێگاکانی پاراستن و بەرگریکردن لەو مافانە دەکات، لەبەرئەوە بۆ هەر کەسێک بە سوودە کە شارەزای ئەو یاسایانە بێت کە بڕیاری لەسەر دەدەن هەرچەند لە پیاوانی یاسا نەبێت و ئاگاداری ئەو مافانەی بێت کە وەکو هاوڵاتی یان ئەندامێکی کۆمەڵگە یان لایەنێکی مامەڵەکردن هەیەتی و شارەزای ڕێگاکانی داواکردن و ئامرازەکانی پاراستنی مافەکان بێت، کەواتە زانین و خوێندنی ئەو زانستە بۆ گشت کەسێک گرنگە و بە ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری گشتی دادەنرێت.

پێویستە مرۆڤ گەشە بە هۆشیاری یاسایی بدات، سەرجەم ماف و ئەرکەکانی خۆی وەکو تاک شارەزابێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ئاگاداری ئەوەبین کە مافی بەرامبەر و کەسانی تر پێشێل نەکەین. لە هەمان کاتدا بە ئاگابین بۆ ئەوەی مافی خۆمان بزانین و لە کاتی پێشێل کردندا بەدەنگ بێن و نەهێڵین مافمان بە ئاسانی بخورێت و فێڵمان لێ بکرێت بە ئاسانی. کەواتە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی بەبێ شارەزابوون لە یاساکان نا کامڵی ڕۆشنبیری گشتی دەردەخات بۆ هەر یەکێکمان. چونکە ئاشنا بوون بە زانستی یاسا ئاشنابوونی زیاترە بە ڕێکخستنی داهاتویی ژیانی تاک وەرچەرخانە بەرەو ئەنجام نەدانی سەرپێچی یاسایی و کرانەوەی دەرگای بەختەرییە بە مەرجێک لە فێربوونی زانستی یاسادا ویژدانی زیندووی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و خۆشەویستنی مرۆڤەکان هاوتا و ئاوێتەی ئەو چەندێتیی گەشەی زانستەکەی یاساکان بێت .

بەکورتی ئەوەیە کە ئازادی هەبوونی ماف و ئەرکە، ماف لەئازادی دا واتە ئازادی جل وبەرگ و ئازادی قسە و نووسین وئازادی بێ مەرجی ڕادەربڕین وخۆشەویستی و ڕەخنەگرتن وئازادی سێکس وجنس وەک ئەوەی کەمرۆڤەکە خۆی دەیەوێت نەوەک ئەوەی کەسی تر بیەوێت، یان مەلا وسەرۆک عەشیرەت وسەرۆکی حیزبێک بیەوێت سنووری بۆ دابنێت، یان بیکاتە کۆیلەو چەوساوە، چونکە مرۆڤ ناکرێت لەڕووی جنسەوە بچەوسێتەوە وبکرێتە کۆیلە. وەک موڵکایەتی و کۆیلە سەیری مرۆڤ بکرێت. بۆ پیاو و ژن هەمان مافە کەپێویستە جێبەجێ بکرێت. لەدابینکردنی ماف وئازادیدا، بەڵام ناکرێت زیان بەمرۆڤەکانی تر بگەیەندرێت چونکە دەبێتە پێشلکردنی ماف وئازادی مرۆڤەکانی تر.

ئەوەی لەئەوروپا دەوڵەتانی پێشکەوتوو ڕوودەدات ئافرەت و پیاو ساڵانێکی زۆر خەباتیان کردووە تا ئازادییان بەدەست هێناوە، دینیان لە دەوڵەت وحکومەت جیاکردەوە، بوونە خاوەن ئیرادەیەکی ئینسانی، بەڵام لەبیرمان نەچێت لەئەوروپاش سیستەمی سەرمایەداری زاڵە ئافرەتیش وەک پیاو لەژێر ئەوسیستەمەدا دەچەوسێتەوە بەهۆی کارکردنەوەو فرۆشتنی هێزی کاری. چونکە لەبەشێک لەوڵاتانی ئەوروپاش خەڵک داوای ژیانی باشتر دەکات لەوەی هەیە. ئەمەش بەهۆی گەشەی ئاستی وشیارییان. لەکوردستان جیاوازە سیستەم دەسەڵات چەوسێنەرە. سوونەتە خێڵایەتی و کۆنەپەرستانە ناخی دەسەڵاتی تەنیوە، بۆیە خێڵ و بیروباوەڕە دینییەکان بەگشتی و (مەلاکان )ئیسلامی بەتایبەتی بۆپاراستنی دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەری بنەماڵەو سەرۆکی حیزب فتوا دەدەن، دەیانەوێت کۆمەڵگە بەوجۆرە بمێنێتەوە کە دەسەڵات دەیەوێت.

سەیرکردنی ژن وکچ تەنها لەبواری جنس وسێکس نیشانەی ناوشیاری و نامرۆڤایەتی بوون دەردەخات، چونکە ئاژەڵ وباڵندەکانیش سێکس دەکەن و ئارەزوو شەهوەتی جنسییان هەیە. بۆیە گرینگ و پێویستە ژن نەک تەنها وەک مرۆڤ سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت و پێویستە وەک دایکی مرۆڤایەتی سەیربکرێت. بنەمای مرۆڤایەتی بوونی ڕەچاوبکرێت. بۆیە پێویستە لەچوارچێوەی گەشەدان بەهێنانەدی ماف وئازادییە مرۆڤایەتییەکان شیکردنەوەو بەدواداچوونی بێلایەن چارەسەر بۆقەیران وکێشەکانی خەڵکی کوردستان بکەین کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت بەمەش دەگەیەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەجێبەجێکردنی نەخشەڕێگایەکی ئینسانی. کۆمەڵگای کوردستان ئاراستەی ڕزگاربوون لەکێشەو قەیرانەکانی وەرچەرخێنین. ئەمە بەشداری کردنی خەڵکی کوردستانە لەدەسەڵات و ئیدارەدا بەجۆری کرداری، نەک ڕووکەشی پەرلەمانی بازرگانی ئیدارەیی. کەواتە پێویستە تەواوی دڵسۆزانی هێنانەدی ماف وئازادی ویەکسانی وبەرابەری کۆمەڵگە تێکۆشانی کرداری بکەن بۆ گەشەی بزووتنەوەی شووراکانی خەڵک و ئیدارەدانی شوورایی لەکوردستاندا یاسا وبڕیارەکان لەلایەن شووراکانی خەڵکەوە دەربچن وجێبەجێ بکرێن . چیتر فتوای مەلاکان و سەرۆکی عەشیرەت وحیزبەکان نەبنە پاراستنی دەسەڵات وسیستەمێکی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ لەکوردستان.

**دەرئەنجام:**

دوای نووسینی ئەم بابەتە گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١-مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە خوێندنەوەو خۆ پەروەردەکردن هەیە بۆئەوەی شارەزایی زیاتر بێت لەسەر ماف و ئەرکەکانی. لەسەر ژیان دۆستی ومرۆڤایەتی و ژینگەپارێزی.

٢-گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە بۆ چەسپاندنی یاساکان زۆر پێویستە مرۆڤەکان بەگشتی هۆشیاری یاسایی و بەشێک لە زانستی یاسا بە خۆیان ئاشنا بکەن، چونکە بەبێ ئاشانابوونمان بەیاساکان توانای هێزی تێکۆشان بۆ گۆڕانی یاساکان لاواز دەبێت.

٣-زانستی یاسا بەشێکی گرنگە وەک هەر بەشەکانی تری زانستی سەردەم. پێویستە تێکۆشان بکرێت بۆدانانی باشترین وپێشکەوتووترین لەیاساکان کەباشترین جۆرو شێواز خزمەت بە کەرامەت و ژیان و ژینگەی مرۆڤایەتی بکات.

٤-بەبێ بوون و چەسپاندنی یاساکان، وڵات بەرەو دواکەوتوویی و نەزانین و نا بەرپرسیارێتی تاکەکان هەنگاو دەنێت.

٥-دەکرێت لە ڕێگەی چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاک و چەسپاندنی حوکمی یاساوە، کۆمەڵگاکان بەرەو کرانەوەی سیاسی هەنگاو بنێن و لە ڕووی ئابووریشەوە گەشە بکەن.

٦-ئەگەرچی لە کوردستاندا یاساکان بەپێی سەردەمی ئەمرۆ دانەڕێژراون و بەمانایەکی تر بەشێکی زۆر لە یاساکان زۆر دواکەوتون بۆ سەردەمانێکی ڕابردوو داندراون و پێویستییان بە گۆرانکاری هەیە بەپێی سەردەم، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها بەسەر هەژاران و زەحمەتکێشان و کەسانێکدا دەچەسپێت کە بێ پشتوو پەنای سیاسی و حکومیین لە وڵاتدا. ئەوانیتر لە سەروویی یاساکانەوە لە کۆمەڵدا خۆیان نمایش دەکەن، ئەگەر بە پێویستیشیان زانی خۆیان هەموو کات دەکەن یاساناسی سەردەم و بەناوی پارێزگاری لە یاساکاندا لە کۆڕو کۆبونەوە و ڕاگەیاندن و هیتد، قسە دەکەن و خۆیان بە خەم خۆری وڵات دەزانن. بۆیە پێویستە هەمولایەک تێکۆشان بکات بۆ نەمانی یاسا کۆنەپەرست و دواکەوتوو دژە ئینسانییەکان و کەلتور و فەرهەنگی نائینسانی، کە هاندەربێت بۆ دروست بوونی گەندەڵی و جۆرەکانی فەسادی، ئەمەش بە چەسپاندنی یاساکان لەڕێگەی ئیدارەدانی شووراکانەوە دێتە مەیدانی کرداری خولْقان کە بەیەکسانی، بێ هەر جیاوازێک کە وجودی هەبێت لە نێوان ئینسانەکاندا، بۆ هەمولایەک ئەو جۆرە یاسایە بچەسپێت بەبێ هیچ جۆرە سلکردنەوەیەک. شۆڕش و ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکانی خەڵک بەردەوام دەبن تا وەکو خەڵک دەگات بەکۆمەڵگەیەکی بێ چەوسانەوە ودوور لەسەرکوت. پێویستە لەخەڵکی کوردستانیش لەگەڵ گەشەی شۆڕشی چەوساوەکانی وڵاتانی تر هەنگاوبنێت بۆ ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە دەسەڵاتی چەوسێنەرو نابەرابەر.

**سەرچاوەکان:**

**1-فرێدریک باستیا,یاسا,لاپەرە), 14,85(**

**2-دانانی پرۆفیسۆر عبدالباقی البكری و مامۆستا زاهیر البشیر,وەرگێرانی عبدالێمد خەیلانی,دەروازەیەک بۆ خوێندنی یاسا,لاپەرە)5-6, 9-10(**

**- 3-دانانی دکتۆر رزگار محمد قادر وەرگێرانی عبدالێمد محمد خەیلانی , راڤەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی,لاپەرە) 13(**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان...

### پەککەوتنی تەواوی هێڵی شەمەندەفەر لە ئەڵمانیا، دوای مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسن



جووڵەی شەمەندەفەرەکان لە ئەڵمانیا بەتەواوی پەکی کەوت بەهۆی مانگرتنی هۆشداری کە نەقابەکانی کرێکارانی هێڵی ئاسنی و گواستنەوەی گشتی ئەڵمانیا (ئای فی جی)بانگەوازیان بۆکرد.

ئاژانسەکانی ئەڵمانیا لە کۆمپانیای هێڵی ئاسنی (دویتشەبان) وە گواستیانەوە، هێڵەکان وەستان تاوەکو کۆتایی مانگرتنەکە بەرەسمی لە سەعات ٩ ی بەیانی بەکاتی ناوخۆ.

کۆمپانیاکە گووتی"مانگرتنەکە بووە هۆی دواکەوتنی گەورە لە جووڵەی شەمەندەفەرەکان لە نیوان شارەکان و هەرێمەکان".

نەقابەی ئای فی جی هۆشداری دابوو بە مانگرتنی کرێکارانی دۆیتشە بان لە ڕۆژی دووشەممە لەسەعات٥ ی بەیانی تاوەکو ٩ ی بەیانی.

ئەو مانگرتنە هۆشداریە دوای ئەوە هات کە نەقابە داوای زیادکردنی کرێی کرێکارانی ئەو کۆمپانیایە دەکات، دوای ئەوەی دانووسانی نێوان هەردوولا شکستی هێنا لە تشرینی دووەم تاوەکو نۆڤەمبەر و دیسەمبەر بەردەوام بوو.

لە ماوەی پێشوودا نەقابەکە گوتی کە ئەوان پاشەکشەیان کردووە لە دانووساندنەکە، چونکە ئەو پێشنیارەی کە بۆ زیادبوونی کرێ کراوە زۆر کەم بووە.

لەلایەن خۆیانەوە کۆمپانیای دۆیتشەبان دەڵێن "نەخشەی مانگرتن بەهیچ جۆرێک پێویست ناکات" ئەوەش بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵی ئەڵمانیا.

دۆیتشە بان گوتیان کە ئەوان بڕی ٥,١٪ یان بۆ زیادکردنی کرێ پێشنیار کردووە بە دوو قۆناغ و دەرماڵە بۆ یەکجار کە بڕەکەی ٥٠٠ یۆرۆ (٥٦٥$) دەکات.

## درێژەی.... دیمانە لەگەڵ دانا مەنمی ڕۆژنامەنووس سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی عێراق...

**هۆکاری دەستبردنی دەسەڵات بۆ توندوتیژی و سەرکوت چۆن دەبینن؟**

**دانا مەنمی:** توندوتیژیی لە ڕووی تیۆرییەوە هەموو ئەو کار و کردەوانە لە خۆدەگرێ کە زەبروزەنگی تێدا بە کار دێت و بەشێوەیەکی گشتی (مەعنەوی وماددی)شێوازێکی تاکی یان کۆمەڵی لە خۆ دەگرێ، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی توندوتیژی چ لە ناو خێزان و لەناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی دا هەبووە و بەپێی ئاستی گەشەی هۆشیاری کۆمەڵگەکان توندوتیژی ڕەتکراوەتەوە. کەواتە توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لەژیان و بەشێکە لە جیهانی ئەمڕۆمان و لە جیهانی دوێنی و لەوانەیە لە جیهانی سبەینیمان بێت. هیچ کۆمەڵگەیەک بێ توندوتیژی نییە و هەڵگری فۆڕمێک لە فۆرمەکانی توندوتیژی یە و بەرادە و بڕی جیاواز توندوتیژی تێدایە. دۆرکهایم باوەڕی وایە توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لە دونیای تاکەکەس و گروهەکانی ناو کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتداران. زۆرجار دەسەڵاتداران توندوتیژی وەک جۆرێک لە جوانی نمایش دەکەن. بونەوەری عاشق بە توندوتیژی دروست دەکەن. هەموو دەسەڵاتێک فەلسەفەی پۆزەتیڤ نرخانی توندوتیژی هەیە هەردەسەڵاتێکیش بە زمانی توندوتیژی قسەی کرد، لەپشتیەوە میلیشیایەکی چەکداریشی هەیە بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی کۆمەڵگە. کاڕل شمیت دەڵێت"جەوهەری سیاسەت توندوتیژیە". ئەم دەربرینە پیویستی بە قولبونەوە و شرۆڤەکردن هەیە، بەڵام ناچینە ناو ئەو بابەتەوە پەردەی لەسەر هەڵنادەینەوە. توندوتیژی بۆ کورد بە درێژایی مێژوو بەشێک لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان بووە و بۆ تەسلیمبون و سڕینەوەی ناسنامە و شوناسی کوردایەتی و کوردبوون. کورد هەموو جۆرو فۆرم وچەشنە توندوتیژیەکیان لەسەر تاقیکراوەتەوە. لە دوای ڕاپەرینیشەوە توندوتیژیی سیاسی بەشێکە لە ئەدەبیات و مێژوی حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان. هۆکاری دەسەڵات بۆ توندوتیژی ترسە، ترس لە ئازادی لە هەڵویست لە ئیرادەی میلەت ،ترس هێزێکی سایکولۆژییە هەم مرۆڤی بچکۆلە و دەستەمۆکراو و کۆیلە و بێکاراکتەر بەرهەم دەهێنێت، هەمیش دەسەڵاتی ستەمکارو دیکتاتۆرو فاشیزم دروست دەکات. دەسەڵات دەخوازێت کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی ترساو بێئیرادەو بێ زمان بێت، کۆمەڵگە تا دیواری ترس نەڕوخێنێت ئازادی بۆ ناگەڕێتەوە، کۆیلایەتی لەترسەوە دروست دەبێ و ئازادیش لەباوەڕبەخۆبوونەوە .

**بۆپێشەوە: تادێت خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق بەرینتر دەبنەوە، ئایندەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییانە، چۆن دەبینن؟**

**دانا مەنمی:** لەوەڵامی پیشومدا لەبارەی ئایندەی خۆپیشاندانەکان گوتم ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت توندوتیژی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و عیراق دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ جەنگی ناوخۆیی و ململانێی نێودەوڵەتی لە نێوان زلهێزەکان.



# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.


## درێژەی دوا وتە

دادگا، ئاخر ئەگەر حاڵەتی سوکایەتی کردن، ناو زراندن، دەستدرێژی سکێسی... بەهەر جۆرێک و لەهەر رێگایەکەوە روویدات و ئەوە کاری یاساو لیپرسینەوەی یاساییە سزای بۆ دابنێت، نەک مەلاو لیژنە فتوا، جێگای دادگا و لێپرسینەوەت یاسایی بگرنەوە.

ئەم فتوایە دەبێ وەکو فتوای دەسەڵاتیش تەماشا بکرێت. چونکە ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە ژینگەی بۆ کۆنەپەرستی، بۆ دەیان هەزار مەلا ڕەخساندووە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە رۆژانە ئەوەی بەدڵیانەوە نەلکا لەدژی بدوێن و ژەهری ئیسلامی بەسەریدا بپژێنن. ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە رۆژانە ستایشی رۆڵ و نەخشی مەلاکان دەکات.

مەلاکان و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسی و ریکخراوە جەماوەری و رۆژنامەنووس و نووسەرو... کە لە بەرامبەر بەم فتوایەی مەلاکان بێدەنگن، خۆیان لەهەمان قوماشی خێڵی مەلای مێشک مەیوون لەدژی ژنان و ئازادی فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییە گشتیەکان. وە هاوکات هەموو ئەوانەی لەبەرامبەر فتوای لیژنەی فتوادا، دەستەو دامێنی دەسەڵات بوون و داوا دەکەن دەسەڵاتی سیاسی سنورێک بۆ مەلاکان دابنێت، هەوڵێکی بێهودە دەدەن و دەیانەوێت شانی دەسەڵات لە پشتیوانی مەلاکان و فتواکان خاڵی بکەنەوە، دەیانەوێت بڵێن فتواکە مەلاکان لەگەڵی نین... ئەوە خۆشباوەرییەکی ئاشکرایە. مەلاکان و دەسەڵاتی سیاسی، دین و دەسەڵاتی سیاسی، کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی سیاسی، لازم و مەلزومی یەکترین لە ژێر سایەی هەر دەسەڵاتێکدا کە دین سەرچاوەیەک یان سەرچاوەی یاساکانی بێت. دەسەڵات و مەلا و لیژنەی فتوا، یەک تۆڕی بەیەکەوە لێک هەڵپێکراون لەدژی ڕەوتی مەدەنیەتی کۆمەڵگەو و دەستراگەیشتنی هاوڵاتیان بە راستیە واقعیەکانی دنیای نوێ و زانست و پێشرەویەکانی.

ئەوەی کەدەتوانێت، مەلاکان و لیژنەی فتوا و زۆر وێژییەکانیان، پاشەکشە پێبکات، ناچاریان بکات دەستوەردانیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان، دەستکەوتە زانستیەکانی سەردەمدا کۆتا بکات، بزوتنەوەی جەماوەری مۆدێرن و ئازادیخوازی کورستانە، لە ڕێگای گوشارهێنانی کۆمەڵایەتی لەشەقامدا، تا دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکات، دین و سیاسەت، دین و یاسا، دین پەروەردە، بەکورتی دین و دەسەڵاتی سیاسی لێک جیابکاتەوە و دین بکات بەکاری شەخسی.

دیارە فتواکەش، هیچ جیاوازی لەگەڵ فتوای داعش نییە، بۆیە داعش لە یەکێتی زانایانی ئیسلامدایە، لە ناو خێڵی مەلای کۆنەپەرستدایە، دەسەڵاتیش بەرپرسی ڕەفتار و ڕەوتار و فتواکانی داعشە.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

**ناوەراستی دیسەمبەر ٢٠١٩**

دوا لاپەڕە     15/12/2019 (66) ساڵی سێیەم، ژمارە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا سالح، کاوان قادر،حەکیم میرزا، هەناسە عەزیز، سەردار عەبدوڵا، محسین کەریم...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت
بەناوی"خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە
سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


# ٨٠٠ هەزار کەس لە فەرەنسا دژ بە چاکسازی یاسای خانەنشینی هاتنە سەر شەقامەکان و ڕێگای گواستنەوەکانیان پەکخست!



سەدان هەزار کەس لە شارەکانی فەرەنسا هاتنە سەر شەقام لە ١٠ی دیسەمبەری ٢٠١٩ دژ بەو گۆرانکاریە پێشنیارکراوانەی لە سیستەمی خانەنشیدا کراوە. وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم نارەزایەتیانە بەردەوام بن لە کەرتەکانی گواستنەوە، ئەوەش لەژێر فشاری نارازیان بۆ ناچارکردنی حکومەت بۆ پاشگەزبوونەوە لەو پرۆژە چاکسازییە بەتەواوی.

بەپێی وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی بەشداربوان ٣٣٩ هەزار کەس بووە (٣١ هەزار لە پایتەخت)، لەکاتێکدا کۆنفدراڵی گشتی کار ژمارەی بەشداربوانی بە ٨٨٥ هەزار خۆپیشاندەر مەزەندە کردووە.

بانگەوازی نەقابە نارازیەکان دژ بە پرۆژەی چاکسازی حکومەت لە راگەیاندنێکی هاوبەشدا، دوای کۆبوونەوەیەک کە ٣ سەعاتی خایاند "بۆ خۆپیشاندان لە ئاستی ناوخۆ دوای ١٢ی مانگ و لەکۆتایی هەفتەشدا لە ١٧ی دیسەمبەر خۆپشاندان و مانگرتنی گەورە ساز بدرێت".

یاسای خانەنشینی بابەتێکی زۆر هەستیارە لە فەرەنسا.

ئۆپۆزسیۆن ئاواتەخوازن کە ئەو بزووتنەوە نارەزایەتیە درێژە بکێشێت و ببێتە هۆی داخستنی رێگاو گواستنەوە، هەروەک ساڵی ١٩٩٥ کاتێک دژ بە پرۆژەی خانەنشینی دەزگاکانی گواستنەوە بۆ ماوەی ٣ هەفتە پەکی کەوت.

## خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...

بە ئاگاداریتان دەگەیەنین، کە بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە، بۆپێشەوە لە 1-1-2019 دەرناچێت و ژمارەی داهاتوو دەکەوێتە... بەرواری 15-1-2020

دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-1-2020

لەگەڵ ئەوەدا کە بڵاوکراوەی ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە دەکەوێتە 15 ی مانگی ساڵی داهاتوو، بەڵام ماڵپەر و پەیجی فەیس بوکی بۆپێشەوە، بەردەوام دەبێت... بۆیە دەتوانن بابەتەکانتان، بەبەردەوامی بنێرن... بۆ ئەدرەس ئیمێڵی سەرنووسەر و بۆپێشەوە...

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

abdulla.mahmud@gmail.com




## بەرهەمی تازەی هونەرمەندی کاریکاتێریست سەردار عەبدوڵا

# دوا وتە

## داعش فتوایەکی نوێی دەرکرد!



بەرواری ٤/١٢/٢٠١٩ ئەنجومەنی باڵای فتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامی!! بەنووسراوی ژمارە ١٤٤ فتوای قەدەغەکردنی "سەرکەوتنی ژنانی بەتەنها لەگەڵ شوفێری تەکسی" ڕاگەیاند.

ببین، ئەوە فتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامییە!! دەبێ سەرەتا بپرسین ئەگەر یەکێتی زانایانی ئیسلام!!، ئەوە فتوایان بێت، دەبێ دید و بۆچوون ڕەوتاری ئۆردوی مەلای مێشک مۆمیاکراو، چی بێت؟ وە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی، لەو نیودا چ کارەیە؟

بوونی یەکێتی زانایانی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای فتوا، وە فتوا بەخشینەوە لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی هاوڵاتیان و دەستوەردان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیاندا، بەر لەهەموو شت پوچی حکومەت و دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی و یاسایی دەخاتە ڕوو.

دیارە هیچ لەوە چاوەڕوانکراوتر نییە، لیژنەی فتوای ئەنجومەنی مەلایان، فتوا بدات و هەموو فتواکانیشی لە کیسە و هەمبانەبۆرینەی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەربکێشرێن و زوربەی هەرەزۆریشیان دژی ژنان و مافە فەردی و مەدەنییەکان بن. بوونی لیژنەی فتوا لەهەموو وڵات و جغرافیایەکدا، لەلایەکەوە ماهیەتی کۆنەپەرستانەی دەسەڵات، دەخاتە ڕوو. لەلایەکی تریشەوە پوچی یاساو نەبوونی یاسای سەردەمی مۆدێرن نیشان دەدات.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و کۆنەپەرستە. دەسەڵاتێکە سەرچاوەی یاساکانی شەرعە، خاوەنی وەزارەتێکە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف، خاوەنی یەکێتی زانایانی!! ئیسلامی و لیژنەی فەتوایە، خاوەنی سەدان هەزار مەلای بەلاشخۆرە کە وەکو گۆشتی زیادەی لامل، بێزراون. خاوەنی هەزاران مزگەوتە کە لەسەر موڵکی گشتی دروستکراون. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان بەدەست کەمی خەستەخانەو بنکەی تەندروستی، زانکۆ و قوتابخانە و باخچەی ساوایان... دەناڵێن.

فتوای ئەمجارەی مەلاکان، بەوەی ژنان نابێت بەتەنها سواری تەکسی ببن، بەجیا لەوەی سوکایەتیەکی ئاشکرای بێ پاساوە بە ژنان و بەکەم گرتنیانە، هاوکات بێرێزیەکی ئاشکرایە بە دەیان هەزار خاوەن تەکسی، کە بۆ بەرێوەچوونی ژیانی خۆیان و خێزانیان، ناچارن شەو رۆژ لەسەر شەقامەکان بن. وە هاوکات بێرێزیەکی ئاشکرایە بە یاساو

بۆ لاپەڕە 13